تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

بنکەی توێژینەوە (8)

ئەتنۆدیمۆگرافیای باشووری کوردستان

د. عەبدوڵڵا غەفور

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثقافي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

بۆدابەزاندنی جۆرەها كتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى اقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

ئەتنۆ- دیمۆگرافیای باشووری کوردستان

عەبدوڵلا غەفور

هەولێر - ٢٠٠٦

ناوی کتێب: ئەتنۆ- دیۆگرافیای باشووری کوردستان

- نووسینی: عەبدوڵڵا غەفور
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ڕێبین
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: (٨٦٥)
- تیراژ: ٢٠٠٠ دانە
- چاپی یەکەم ٢٠٠٦
- نرخ: ١٥٠٠ دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب (٦)

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی
www.mukiryani.com
asokareem@ maktoob.com
Tel: 2260311

بەرایی چاپی یەکەم ٧

بەشی یەکەم ٩

دینامیکی ژمارەی دانیشتوان ٩

١- بەرزیی ڕێژەی لە دایکبوون ١٢

٢- نزمبوونی ڕێژەی مردن ١٣

٣- کۆچکردنی دەردوە بۆ کوردستان ١٤

خوێندەواری ١٨

سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی یەکەم ١٩

بەشی دووەم ٢٣

دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان ٢٣

سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی دووەم ٣٥

بەشی سێیەم ٣٧

پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی دانیشتوان ٣٧

یەکەم: پێکهاتەی نەتەوەیی ٣٧

دووەم: پێکهاتنی ئایینی ٥١

سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی سێیەم ٦١

بەشی چوارەم ٦٣

شارنشین و گوندنشینەکان ٦٣

تایبەتمەندییەکانی شارنشینی ٦٦

پۆلینکردنی شارەکان ٦٨

یەکەم: پۆلینکردنی شارەکان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان ٦٨

دووەم: پۆلینکردنی شارەکان بەگوێرەی ئەرک ٧٢

١- گوند٧٨

سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی چوارەم ٨١

پێرستی تابلەکان

تابلی ١ ١٠

گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوانی باشووری کوردستان لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٧-١٩٨٧ [١] ١٠

تابلی ٢ ١٥

ژمارەی دانیشتوانی ئەستانەکانی باشووری کوردستان ١٩٢٧-١٩٨٧ [٧] ١٥

تابلی ٣ ١٦

ژمارەی نێرینە و مێینە لەنێو دانیشتوانی باشووری کوردستان ١٩٥٧-١٩٨٧ [٨] ١٦

تابلی ٤ ٢٣

پانتایی و ژمارەی دانیشتوانی کوردستان بەگوێرەی ناوچە (١٩٨٥) [١] ٢٣

تابلی ٥ ٢٤

چڕی گشتی دانیشتوان لەباشووری کوردستاندا (١٩٧٧) ٢٤

تابلی ٦ ٣٨

پێکهاتنی نەتەوەیی باشووری کوردستان (١٩٥٧-١٩٨٧) [١] ٣٨

تابلی ٧ ٦٤

دینامیکی شارنشین و گوندنشین لە باشووری کوردستاندا ٦٤

(١٩٢٧-١٩٨٧)[٢] ٦٤

تابلی ٨ ٦٨

پۆلێنکردنی شارەکانی باشووری کوردستان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان [٣] ٦٨

سەرباری ئاماری

سەرباری ١

دانیشتوانی باشووری کوردستان بەگوێرەی زمانی دایك -١٩٥٧ ٨٣

سەرباری ٢

دانیشتوانی باشووری کوردستان بەگوێرەی زمانی دایك -١٩٦٥ ٨٤

سەرباری ٣

پێکهاتنی نەتەوەیی لەباشووری کوردستان دا-١٩٧٧ ٨٩

سەرباری ٤

پێکهاتنی نەتەوەیی لەقەزاکانی باشووری کوردستاندا -١٩٧٧ ٩٠

سەرباری ٥

پۆلینکردنی شارەکانی باشووری کوردستان -١٩٦٥ ٩٢

سەرباری ٦

ریزکردنی شارەکانی باشووری کوردستان بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوان -١٩٧٧ ٩٣

سەرباری ٧

ریزکردنی شارەکانی باشووری کوردستان بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوان -١٩٨٧ ١٠٠

بەرایی چاپی یەکەم

دانیشتوان لە باشووری کوردستاندا، زیاتر لە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە ئاڵوگۆڕدان. لە ئەنجامی چەند فاکتەرێکی دیاریکراوی وەك: نەبوونی ئاشتی و ئاسایش و هێمنی، کۆچ و رەوپێکردنی بەردەوامی نێوچە جیاجیاکانی کوردستان و پۆلیتیکی بەعارەبکردن و کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان و...تاد. ئەمانە هەمووی پێکەوە، کارێکی زۆر گەورەیان کردۆتە سەر رێژەی زۆربوون یان کەمبوونی دانیشتوان و دابەشبوونی جوگرافی و پێکهاتەی نەتەوەیی و شوێنی ژیان (نشینمە) و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵك لە شار و گوندەکانی باشووری کوردستان بەتایبەتی و لەگشت کوردستانی گەورەدا بەگشتی.

نووسەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا، نێوچەی باشووری کوردستان وەك پارچەیەك لە هەموو کوردستانی گەورە وەرگرتووە، واتا مەبدەئی (یەك خاك) لەبەر چاو گیراوە، لەبەر ئەوە دەبینین، ناوی عێراق نەهێندراوە، جگە لەو شوێنانەی کە زۆر پێویستن و ئەو هێندە جێگایانەی پەیوەندی بەبەراوردکردن و رونکردنەوەی روداوێکی دیاریکراوەوە یا هێنانەوەی فاکتەرێکەوە هەیە.

باشووری کوردستان وەك لەم پەرتووکەدا دیاریکراوە، دوور نییە بۆ هەندێ کەس جێگەی گومان بێ، لە وەڵامی هەموو ئەوانەدا دەڵێم: بەبێ بەڵگەی مێژوویی، هیچ شوێنێ لەخۆڕا لە نێو چوارچێوەی ئەم نێوچەیەی کوردستاندا کۆنەکراوەتەوە.

ئەم پەرتووکەی لەبەر دەستاندایە، بۆ هەمان کێشە تەرخانکراوە، کە وەختی خۆی نووسەر لە وتاری (باری ئەتنۆ- دیمۆگرافی لە باشووری کوردستاندا) بەزمانی رووسی باسیکردووە، رەنگە ئەمە وا لەهەندێ کەس بکات، بڵێن ئەم پەرتووکە هەمان وتاری ناوبراوە و بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێردراوە، بەڵام لە راستیدا وانییە، بەڵکو بە ناوەڕۆك و دارشتن و ژمارەو شیکردنەوەو بۆچوون، بەتەواوی لەگەڵ خودی وتارەکەدا، جیاوازی هەیە. بۆیە پێویستە وەك کارێکی سەربەخۆ تێیبروانین، بەڵام لەهەمان کاتدا، وتارەکەش وەك کارەکانی دیکەی نووسەر، لەکاتی خۆیدا بێسوود نەبووە و بۆ نووسینی ئەم پەرتووکەش کەڵکی لێ وەرگیراوە.

بۆ نووسینی ئەم پەرتووکە، گەلێ سەرچاوەی جیاواز بەکارهێنراوە، بەتایبەتی بڵاوکراوەی فەرمی لەسەرژمێری و ساڵنامەی ئاماری، بەڵام ناشکرێ ژمارەکان وەك شتێکی بێ چەندوچوون وەربگرین. چونکە نووسەر بەتەواوی دڵنیایە لەهەبونی گەلێ هەڵە و کەموکوڕی لە ژمارەکانی کە لە سەرچاوەکاندا هاتوون، بەڵام لە حیسابکردنیاندا دڵنیایە. هەروەها گەلێ پەرتووکیش کە بەزمانە جیاجیاکان نووسراون بەتایبەتی بۆ باسکردنی ئەم بەشەی کوردستان تەرخان کراون.

بەڕای من، زمانی کوردی بۆ نووسینی جوگرافیا هێشتا لاوازە. لەبەر ئەوە دوور نییە، هەندێ لەو زاراوانەی کە لێرەدا بەکارهاتوون، لای هەندێ نووسەری دیکە بە شێوەیەکی تر بەکاربهێنرێن. ئەم نووسینە، هەوڵێکی دیکەیە لە پێناوی ئاشناکردنی خوێندەواران بەم زمانە و بەهێزکردنی بناغەی زمانی جوگرافیا بە زمانی کوردی.

لەم باسەدا، نووسەر تەنیا ناوە نارەسمیەکانی بەکارهێناوە. بۆ نموونە، کۆیە لە جیاتی کۆیسنجق، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە ناوە فەرمیەکانمان پشتگوێخستوە، بەڵکو بەرامبەر هەر ناوێکی نافەرمی ناوە فەرمیەکەمان (ئەگەر هەبێ)، لە نێوان دوو کەوانەدا داناوە و هەوڵی زۆرماندداوە، ناوەکان وەك خۆی لەلایەن خەڵکی ناوچەکانەوە، چۆن دەگوترێ بەو شێوەیە بیاننووسین.

هیوادارم ئە پەرتووکە، شوێنی خۆی لەتەك نووسینەکانی دیکەی جوگرافیازانی کوردستاندا بکاتەوە، لەهەمان کاتیشدا، کەلێنێکی گەورەش لە نامەخانە هەژارەکەی کوردستاندا پربکاتەوەو ببێتە هاندەرێکی باش، بۆ نووسینی باس و لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل لەسەر جوگرافیای کوردستان.

نووسەر سوپاسی دکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز دەکات بۆ یارمەتی زمانەوانی.

عەبدوڵڵا غەفور

نینس هامن-سوێد

١٩٩٤-٧-٢٢

بەشی یەکەم

دینامیکی ژمارەی دانیشتوان

سەرەتای ناونووسکردنی خەڵك لە باشووری کوردستاندا، بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە. ئەم ئیمپراتۆریەتە، بەمەبەستی کۆکردنەوەی باج و گرتنی سەرباز و لەسەر داخوازی وڵاتەکانی ئەوروپا، بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا، لە ساڵی ١٨٣١، یەکەمین سەرژمێری خۆی کرد و تەنیا پیاو تۆمارکران. بەگوێرەی ئەم کارە ژمارەی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) چەند سەد هەزار کەسێ بوون، سەرژمێری دووەم لە ساڵی ١٨٤١ بە ئەنجام گەیەنرا. سەرئەنجامەکەی وای نیشاندا، کە ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ، دوو تا سێ هەزار کەسێکی زیادکردووە، ئەمەیان دوا ناونووسکردن بوو، کە لەم ویلایەتەدا لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا کراوە.

دوای جەنگی یەکەمی جیهان، خاکی ئیمپراتۆری عوسمانی، لە نێوان بەریتانیای گەورەو فەرەنسا و رووسیا دا دابەشکرا. بەگوێرەی پەیمانی (سایکس بیکۆ) و (سان ریمۆ) لەسەر هەر ناوچەیەك دەوڵەتێکی سەربەخۆی لێ دامەزرێنرا، ویلایەتی موسڵیش، پاش گفتوگۆیەکی دوورودرێژ لە ساڵی ١٩٢٥ بە عێراقی عارەبی تازە دروستبۆوە، لەگەڵ هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرە پێکەوە لکێندرا.

دەوڵەتی تازە دروستبووی عێراق، بۆ جاری یەکەم بە پشتیوانی ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩٢٧ خەڵکیان ناونووس کرد. ئەویش بەمەبەستی ئەوەی کە بزانن، ژمارەی دانیشتوان بەگشتی و ژمارەی هێزی چەکدار بەتایبەتی چەندە، جگە لە دەستنیشانکردنی باج وەرگرتن. لەوساوە تا ئەمڕۆ، شەش جاری دیکە سەرژمێری گشتی کراوە و بڕیاردراوە کە هەر دە ساڵ جارێ دووبارە بکرێتەوە و بڕیارەکەش بە گشتی پەیڕەوی لێ کراوە، جگە لە سەرژمێری گشتی پێنجەم

نەبێ، کە دەبوایە لە ساڵی ١٩٦٧ دا ئەنجام بدرایە، بەڵام لەبەر مەبەستی رامیاری- سەربازی، بەتایبەتی بەرپابوونی شۆڕشی کوردستان و دامەزراندنی هێزی پێشمەرگە، کە نەدەتوانرا ژمارەیان دیاری بکرێ، زانینی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی باشووری کوردستانیش، دوو ساڵیان پێشخست، واتا لە ساڵی ١٩٦٥ دا ئەنجامیاندا.

ژمارەی دانیشتوانی باشووری کوردستان، بەگوێرەی ئەنجامی حەوت سەرژمێری گشتی، کە لە نێوان ساڵەکانی (١٩٢٧- ١٩٨٧) کراون، لە تابلی (١) دیاری کراوە.

تابلی ١

١

گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوانی باشووری کوردستان لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٧-١٩٨٧

ساڵ	ژمارەی دانیشتوان	جیاوازی نێوان ساڵەکان	رێژەی زیادبوون %
١٩٢٧	٦١٣٣٤٧	-	-
١٩٣٥	١٠١٠٩٠٥	٣٩٧٥٥٨	٦٤,٨
١٩٤٧	١٣٨٣٣٧٨	٣٧٢٤٧٣	٣٦,٨
١٩٥٧	١٨٢٢٣٩٠	٤٣٩٠١٢	٣١,٧
١٩٦٥	٢٢١٧١٠٩	٣٩٤٧١٩	١٧,٨
١٩٧٧	٣٣٠٣٣١٠	١٠٨٦٢٠١	٤٨,٩
١٩٨٧	٤٣٨٦٦٩٧	١٠٨٣٣٨٧	٣٢,٨

پێش شیکردنەوە، بەپێویستی دەزانین بە خوێنەرانی هێژای رابگەیەنین کە ژمارەکانی نێو تابلکە، بەهیچ شێوەیەك نەخشەیەکی راستمان نیشان نادەن، لەبەر کۆمەڵێ کەموکووڕی کە لە ئەنجامی کۆمەڵێ هۆی تایبەتدا، لە کاتی

سەرژمێری گشتیدا روویانداوە. گشت سەرژمێرییەکان، جگە لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧، لە بارودۆخێکی پڕ لە ئاڵۆزی رامیاریدا کراون، کە بۆتە هۆی تۆمارنەکردنی نەك هەزارەها خەڵك، بەڵکو دەیان ئاوەدانیش.

کۆمەڵانی خەڵکی پێش ساڵەکانی شەست، بەچاوی پڕ لە گومانەوە سەیری سەرژمێری گشتییان دەکرد، لایان وابوو ئەو کارە بۆ سەندنی باج و گرتنی سەربازە، بۆیە بە هەر شێوەیەك بوایە، خۆیان لێ لادەدا، ئەم تێڕوانینەش تاکو ئێستا لە گوندەکاندا، بەتەواوی کۆتایی پێ نەهاتووە. هەروەها نەبوونی رێگەوبانی چاك بۆ ئۆتۆمبێل، لەپێش حەفتاکاندا ببووە هۆی پشتگوێخستنی تۆمارکردنی دانیشتوانی ئەو گوندانەی کە لە شوێنی سەخت دروستکرابوون.

خەڵك لە باشووری کوردستان، بەتایبەتی لە گوندەکان، ناونووسکردنی کچەکانیان بە پێویست نەدەزانی. لایان وابوو کە بەو کارە لە نێو کۆمەڵدا ناویان دەزرێ بەگشتی کارێکی پێویست نییە. هەروەها ناونووس نەکردنی هەزاران لە کوردە کۆچکردووەکان، کە لەولاتانی دەوروبەر و ئەورووپا دەژین، جگە لەوەی کە خۆیان بە هاولاتی ئەو ولاتانەش دانەناوە. لەگەڵ ئەو هەموو هۆ نێگێتیڤانەشدا، کەچی هێشتا ژمارەکان، بۆ روونکردنەوەی گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوان بێسوود نین.

دانیشتوانی باشووری کوردستان، وەك ژمارەکانی نێو تابلی ژمارە ١ نیشانمانی دەدەن، لەو نیو سەدەیەی دواییدا، ٣ ملیۆن و ٧٧٣ هەزار کەس زیادیکردووە. بەواتایەکی دیکە، ژمارەی دانیشتوان لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٧-١٩٨٧، لە ٦١٣ هەزار کەسەوە، گەیشتۆتە ٤ ملیۆن و ٣٨٧ هەزار کەس. لەو سەردەمەدا، رێژەی زیادبوونی ساڵانە ٣,٨٪ بووە. هۆیەکانی ئەم زیادبوونە مەزنە بۆ چەند فاکتەرێك دەگەرێتەوە:

١- بەرزیی ڕێژەی لە دایکبوون

ڕێژەی لە دایکبوون لە باشووری کوردستاندا، لە هەشتاکاندا دەوروبەری ٠,٠٤٥٪ (٤٥ لە هەزار) منداڵ بوو، ئەمەش نەك لە نێو چوارچێوەی سنووری کوردستاندا، بەڵکو لە گشت کیشوەری ئاسیادا، بەیەکێ لە بەرزترین ڕێژەی لە دایکبووان دادەنرێ، بۆ بەراوردکردن دەڵێین، ئەم دیاردەیە لە ساڵی ١٩٨٨، لە تورکیا ٠,٠٢٤٪، لە عێراق ٠,٠٤٣٪، لە ئێران ٠,٠٤٢٪، لە سوریا ٠,٠٤٤٪ بووە[٢]، بەرزی ڕێژەی لە دایکبووان لە باشووری کوردستاندا، بۆ چەند هۆیەکی گرنگ دەگەڕێتەوە، لەوانە، ڕێنەگرتن لە منداڵبوون، با ژمارەشیان لە نێو یەك خێزاندا زۆر بێ، چونکە لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا واباوبووە، کە (هەموو منداڵێ رسقی لەگەڵ خۆیەتی)، نابێ دەست لەکاری خوا بدرێ. ژنهێنانی زوو (١٨ ساڵ و بەرەوژوور) و مێردکردنی زوو (١٦ ساڵ و بەرەو ژوور). ئەوەی ئاشکرایە، لەو ساڵانەی دواییدا کوڕ درەنگتر بەخاوەن ژن و کچانیش درەنگتر بە مێرد دەبن. هۆیەکەش بۆ باری ئاڵۆزی کوردستان و سەختی ژیان و بێکاری و نەبوونی خانووبەرەی سەربەخۆ و زۆری تێچونی ژنهێنان دەگەڕێتەوە. لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا، کوڕی بێ ژن و کچی بێ مێرد، دوای تەمەنی ٢٠ ساڵی بەچاوی گومانەوە تەماشا دەکرێن و دەکەونە بەر پلارهاویشتن. ژنانی کوردستان لە منداڵبووندا، گەلێ بە پێزن، لە هەزار ژنی تەمەن (١٤-٤٥) ساڵیدا، (٨٠٠) یان منداڵیان دەبێ[٣]. زانستی دیمۆگرافی لەو ساڵانەی دواییدا، لەو ڕێژەیەی زیاتر تۆمارنەکردووە. ڕێگە نەگرتن لە منداڵبوون، چەکی دەستی دایك و باوکە بۆ بەرگریکردن لە ڕێژەی زۆربوونی مردن لەنێو منالاندا، پارێزگاریکردنی خێزان لە کوێربوونەوە، پشتی دایك و باوکە لە دوارۆژدا.

٢- نزمبوونی ڕێژەی مردن

گومانی تێدا نییە، کە لەو ساڵانەی دواییدا، نزمبونەوەی ڕێژەی مردنی سروشتی، لەنێو دانیشتوانی کوردستاندا، زۆر بەئاشکرایی دیارە. بۆ نموونە، ئەم دیاردەیە لە پەنجاکانا، لە دەوروبەری ٠,٠٣٢٪ و لە هەشتاکاندا ٠,٠١٢٪ بوو، دیارە ئەمەش بۆ لە ناوبردنی هەندێ نەخۆشی خراپی وەك مەلاریا و خوریکە دەگەڕێتەوە، چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی جگەروخوێن و وەرەم و هەوکردنی گەدەو وگورچیلە و هەروەها زیادبونی ژمارەی دەزگای تەندروستی وەك نەخۆشخانەی گەورە و بچوك و دەرمانخانە و پێشکەوتن و پەرەدان بە جۆری خزمەتگوزاری لە نەخۆشخانەکاندا و زیادبوونی ژمارەی کاربەدەستان و خزمەتگوزاری نەخۆشخانەکان وەکو پزیشك و برینپێچ و سیستەر، ڕۆڵێکی هێجگار مەزنی لەو بوارەدا وازی کردووە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ڕێژەی ڕاستی مردن لە باشووری کوردستان دا، لە هەشتاکان و بەرەو ژوور لە ٠,٠٢٥٪ کەمتر نییە، واتە بەرزترین دیاردەی دیموگرافی نەك هەر لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵکو لە گشت وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیادا هەیە. گرنگترین هۆیەکانی ڕێژەی مردن ئەمانەن: کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان (بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە ساڵی ١٩٨٨ دژی دانیشتوانی شارۆچکەی هەڵەبجەی جوانەمەرگ و شەهیدبونی پتر لە پێنج هەزار کەس بە یەك جار)، ئەنفالەکان (لە ناوچوونی ١٨٢ هەزار کەس)، بێ سەروشوێنکردنی هەشت هەزار بارزانی، کوشتنی دیکەی لابەلایی لەلایەن داگیرکەری دەوڵەتی عێراقەوە، وەك گرتن و لە سێدارەدانی خەڵکی، تیرۆرکردنی ناو شارەکان، شەڕەکانی پێشمەرگە و سوپای داگیرکەری ئەم وڵاتە، بۆمبارانکردنی کوێرانەی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان، جگە لە جەنگی نێوخۆی هێزە ڕامیاریەکانی کوردستان. هەروەها کەمبونەوەی خواردەمەنی لە ئەنجامی ئابڵوقەی ئابوریدا، مەترسی بەردەوام لە ڕێ نەگرتن لە تەشەنەی نەخۆشی سامناك و چارەسەرنەکردنی لە بارودۆخی

ئەورۆی باشووری کوردستاندا و وێرانکردنی دەزگاکانی تەندروستی. بۆ نموونە، ژمارەی نەخۆشخانە روخاوەکان تاساڵی ١٩٨٨، گەیشتە ٣٥٠ نەخۆشخانە (سلێمانی- ١٨٧، هەولێر- ٤٤، کەرکوك- ٢١، شوێنەکانی دیکە- ٩٨)[٤].

ئەمانەو و جگە لەکەمی خزمەتگوزاری تەندروستی، بۆ نموونە ساڵی ١٩٨٥ لە باشووری کوردستان ٦٥ نەخۆشخانە (هەولێر- ١٤، دهۆك- ٨، سلێمانی- ١١، کەرکوك- ٢٩، نەینەوا- ٢٣) و ٤٤٨ دکتۆر (دکتۆری گشتی- ٣٢٥، دکتۆری شارەزا- ١٢٣) هەبوو. لە هەولێر- ٨٠ دکتۆر (گشتی- ٥٩، شارەزا- ٢١)، دهۆك- ٤٥ (گشتی- ٣٧، شارەزا- ٨)، سلێمانی- ٩٥ (گشتی- ٦٥، شارەزا- ٣٠)، کەرکوك- ٩١ (گشتی- ٦٠، شارەزا- ٣١)، نەینەوا- ١٣٧ (گشتی- ١٠٤، شارەزا- ٣٣)، یان یەك دکتۆر بۆ دەهەزار کەس و ١١٢٥٠ جێگای نووستنی نەخۆش هەبوو، واتە یەك جێ بۆ ٣٩٠ کەس[٥].

٣- کۆچکردنی دەرەوە بۆ کوردستان

باشووری کوردستان نێوچەیەکی دەوڵەمەندە و سامانێکی زۆری ژێرزەمینی - نەوت- هەیە و ئاو و هەوای خۆش و سازگاری هەیە و بەروبومی کشتوکاڵی هەمەجۆری زۆری لێ بەرهەم دەهێنرێ، ئەمانە هەموو وای لێکردووە، کە ببێتە نێوچەیەك سەرنجی خەڵکی رابکێشێ، بەتایبەتی بۆ دانیشتوانی عێراق، جگە لە بوونی سوپایەکی گەورەی دەوڵەتی داگیرکەری عێراقی و هێنانی عارەبی خێڵەکی و دەشتەکی وجێگیرکردنیان لە کوردستاندا، بەبەمەبستی بە عارەبکردن و گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی باشووری کوردستان، بۆ نموونە لە هەشتاکان، وەك دوایی بە درێژی باسی دەکەین، ٨٠-١٠٠ هەزار کەس بۆ نێو شاری کەرکوك و دەوروبەری گوێزرانەوە.

ژمارەی دانیشتوان لە ئەستانکاندا (پارێزگا)، وەك هەموو ولاتێك بەردەوام لە زیادبووندایە. لەو پەنجا ساڵەی نێوان یەکەمین (١٩٢٧) و دوایەمین (١٩٨٧)

سەرژمێری گشتی، دانیشتوانی نەینەوا لەبەراییبوون ١ ملیۆن و ١٧٣ هەزار کەس، سلێمانی- ٨٨٢ هەزار کەس، هەولێر- ٥٩٨ هەزار کەس، کەرکوک- ٥٢ هەزار کەس، خانەقین- ٢٢٧ هەزار کەس[٦] و لەدوای هەموویانەوە، دهۆک- ٤٣ هەزار کەس. (بروانە تابلی ٢).

تابلی ٢

ژمارەی دانیشتوانی ئەستانەکانی باشووری کوردستان ١٩٢٧-١٩٨٧ [٧]

سەرژمێر ئەستان	١٩٢٧	١٩٣٥	١٩٤٧	١٩٥٧	١٩٦٥	١٩٧٧	١٩٨٧
هەولێر	١٧٢٥٦٢	٢٠٦١٦٩	٢٣٩٧٧٦	٢٧٣٣٨٣	٣٥٦٢٩٣	٥٤١٤٥٦	٧٧٠٤٣٩
خانەقین*	٩٢٢٠٢	١١٩٤٢١	١٤٦٦٤٠	١٩٠٢٢٨	١٩٩٩٨٣	٢٨٦١٨٩	٣١٨٨٦٥
دهۆک	-	-	-	-	١٤٥٨٣٤	٢٥٠٥٧٥	٢٩٣٣٠٤
سلێمانی	٦٩٤١٠	١٤٧٩٠٥	٢٢٦٤٠٠	٣٠٤٨٩٥	٣٩٩٧٦٨	٦٩٠٥٥٧	٩٥١٧٢٣
کەرکوک	٨٠٣٣٧	١٨٣١٧١	٢٨٦٠٠٥	٣٨٨٨٣٩	٤٧٣٦٢٦	٤٩٥٤٢٥	٦٠١٢١٩
نەینەوا	١٨٣٧٤١	٣٣٨٥٩٧	٤٦٨٣٦٨	٦٤٨٣٠٩	٦٢٦٤٥٩	٩٤٨٠٤٢	١٣٥٦٢٦٨
هیدیکە**	١٥٠٩٥	١٥٦٤٢	١٦١٨٩	١٦٧٣٦	١٥١٤٦	٩١٠٦٦	٩٤٨٧٩
تێکرا	٦١٣٣٤٧	١٠١٠٩٠٥	١٣٨٣٣٧٧٨	١٨٢٢٣٩٠	٢٢١٧١٠٩	٣٣٠٣٣١٠	٤٣٨٦٦٩٧

* مەبەست لەخانەقین قەزای خانەقین و مەندەلییە.

** مەبەست لە هیدیکە قەزای بەدرە و توزخورماتووە.

پێکهاتەی ڕەگەزی (نێرومێ)

لەنێو دانیشتوانی باشووری کوردستاندا، ڕێژەی نێرینە لە ڕێژەی مێینە زیترە، ئەم دیاردە دیموگرافیە لە گشت سەرژمێریەکاندا بەروونی دیارە، هەروەها ڕێژەی هەردووکیان لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر دەگۆڕێ، لەکەمکردن و زیادبووندایە. (بروانە تابلی ٣).

تابلی ٣

ژمارەی نێرینە و مێینە لەنێو دانیشتوانی باشووری کوردستان ١٩٥٧-١٩٨٧ [8]

سەرژمێر	دانیشتوان (هەزار)	ژمارە		%		ڕێژەی جۆرەکان
		نێرینە	مێینە	نێرینە	مێینە	
١٩٤٧	١٣٨٣	٦٤٤	٧٣٩	٤٦,٦	٥٣,٤	٨٧,١
١٩٥٧	١٨٢٢	٩٢٩	٨٩٣	٥١,٠	٤٩,٠	١٠٤,٠
١٩٦٥	٢٢١٧	١١٥٩	١٠٥٨	٥٢,٣	٤٧,٧	١٠٩,٥
١٩٧٧	٣٣٠٣	١٧٩٧	١٥٠٦	٥٤,٤	٤٥,٦	١١٩,٣
١٩٨٧	٤٣٨٧	٢٢٢٤	٢١٦٣	٥٠,٧	٤٩,٣	١٠٢,٨

هۆی کەمی ژمارەی مێینە لەچاو نێرینەدا، لەنێو دانیشتوانی باشووری کوردستاندا، بۆ ڕێژەی زیاتری مردن لە نێو ژناندا دەگەڕێتەوە، ئەویش بەهۆی سککردنی یەك لەدوای یەك و کارکردنی زیاد لەتوانای خۆیان، جگە لە منداڵ بەخێوکردن و کاری خێزان وکاری کێڵگە و کشتوکاڵیش، کەمتر بایەخدان بە تەندروستی ژنان لەچاو پیاواندا، بەتایبەتی ئەگەر منداڵ بوو، مۆڵدانی سوپای بێگانەو هێنانی فەرمانبەری ڕەبەنی عێراق.

هەمان نەخشە بەرچاو دەکەوێ، لە بەشە ئیداریەکاندا لە ساڵی ١٩٨٧، ڕێژەی جۆر لە ئەستانی هەولێر ١٠١,١ بوو (١٩٧٧- ١١٤,٢)، لە دهۆك- ١٠٥,٨

(١٩٧٧- ١٢٣,٩)، لە سلێمانی- ١٠٣,١ (١٩٧٧- ١١٨,٨)، لەکەرکوک- ١٠٢,٩(١٩٧٧- ١٢٣,٣) لە نەینەوا- ١٠٥,٤ (١٩٧٧- ١٠٢,٧).

پێکهاتنی تەمەن

دانیشتوانی باشووری کوردستان لەرووی پێکهاتنی تەمەنەوە، زۆر گەنجن، ئەمەش خەسڵەتێکی تایبەتییە، پەیوەندی بە دانیشتوانی هەموو وڵاتانی جیهانی سێیەمەوە هەیە. لەرووی تەمەنەوە دەتوانین دانیشتوان بەسەر سێ دەستەی گەورەدا دابەش بکەین:

١- تەمەنی گچکە (٠ ـ ١٤)

ڕێژەیان لەچاو گشت دانیشتواندا، لەساڵی ١٩٨٧ دا نزیکەی ٤٩٪ بوو (٢ ملیۆن و ١٣٦ هەزار کەس). ئەم ڕێژەیە لەچاو دەستەی تەمەنەکانی دیکەدا کەمێ زیترە، هۆیەکەشی بۆ یەك لەدوای یەکی منداڵبون دەگەڕێتەوە، ژنی وا هەیە تا ١٨ منداڵی دەبێ، وای لێدێ دەگاتە قۆناغی سك نەکردن و منداڵ نەبوون.

٢- تەمەنی ناوەنجی (١٥ ـ ٦٥)

ڕێژە و ژمارەیان لە دەستەی پێشوو کەمترە، لە ساڵی ١٩٨٧ دا لە دەوروبەری ٤٧٪ بوو (٢ملیۆن و ٥٣ هەزار کەس). ئەمەش بەهۆی ئەو زیانە گەورانەی کە توشی دەستەکانی ئەم جۆرە تەمەنەوە دێ، وەك نەخۆشی، کوشتن، ڕووداوی سامناکی دیکە.

٣- تەمەنی گەورە (٦٥ و بەرەو ژوور)

ئەم دەستەیە لە ناو دانیشتوانی باشووری کوردستاندا، ژمارەیان زۆر کەمە، لە ساڵی ١٩٨٧ دا تەنیا ٤٪ پێك دەهێنا (١٩٨ هەزار کەس). ئەمانە ئەو جۆرە کەسانەن کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە مردن ڕزگاریان بووە. دوور نییە ڕێژەکە

کەمتریش نەبێ، چونکە زۆر کەس هەن، لەبەر نەبوونی دیکۆمێنتی پێویست، تەمەنی خۆیان دەخەملێنن، وەك یاسا زۆر جار لە تەمەنی خۆیان زیاتر دەبێ، بۆ ئەوەی پلەو پایەیان لە نێو کۆمەڵدا زیاتر بێ.

خوێندەواری

خوێندەوار بەو کەسە دەوترێ: کە توانای خوێندنەوەو نووسینی تێکستێکی بەئاسانی هەبێ و تەمەنی لە شەش ساڵان تێپەڕیبێ. ڕێژەی خوێندەواری لە ساڵی ١٩٨٧ دا، لە نێو دانیشتوانی باشووری کوردستاندا، نزیکەی ٥٦٪ بوو (١٩٦٥- ٥١٪) (١٩٧٧- ٥٤٪). ئەم ڕێژەیە بۆ ئەوڕۆ زۆر کەمە. هۆیەکانی کەمی خوێندەوار ئەمانەن: نەبوونی یا کەمی خوێندنگە، کەمی مامۆستا، باری ئاڵۆزی رامیاری کوردستان، هەڵوێستی کۆمەڵگە، قەڵاچۆنەکردنی نەخوێندەواری لە نێو دەستەی تەمەن گەورەکاندا، کاولکردن بۆ نموونە، ژمارەی قوتابخانە رووخاوەکان هەتا ساڵی ١٩٨٨، گەیشتە نزیکەی دوو هەزار (سلێمانی- ٩٢٥، هەولێر- ٤٩٠، کەرکوك- ١٦٠، شوێنەکانی دیکە- ٤٢٥)[٩].

ڕێژەی خوێندەواران لە نێوان دانیشتوانی شارەکان (٥٨٪) زیاترە لەچاو دانیشتوانی گوندەکان (٢٥٪) و هەروەها لەناو پیاوان (٥٤٪) بەگشتی زیاترە لەهی ژنان (٢٩٪). ئەویش بەهۆی ئازادی پیاو و ڕێگە نەگرتن لەچوونی کوڕ بۆ قوتابخانە و پێویستی نێرینە بەخوێندن زیاتر لە مێینە لەکومەڵگەی کوردستاندا.

سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١ نووسەر لەم سەرچاوانەی تاوتوێ کردووە:

- المملكة العراقية، مديرية النفوس العامة، نتائج التعداد العام للسكان ١٩٤٧، الجزء الاول والثاني، بغداد، ١٩٤٥، صفحات عديدة.
- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لوائى ديالى وكوت، لوائى السليمانية واربيل، مطبعة العانى – بغداد، ١٩٦١، صفحات عديدة.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، مطبعة الجهاز المركزى للاحصاء – بغداد، ١٩٧٣، ص ٣-١٨.
- الجمهورية العراقية وزارة التخطيط، جهاز المركزى للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧ لمحافظة اربيل، دهوك، ديالى، السليمانية، صلاح الدين، كركوك، نينوى، واسط. مطبعة الجهاز المركزى للاحصاء – بغداد -١٩٧٨، صفحات عديدة.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء، مديرية الاحصاء السكانى، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، لمحافظة اربيل، دهوك، السليمانية، صلاح الدين، كركوك، نينوى، واسط، مطبعة الجهاز المركزى للاحصاء – بغداد ١٩٨٨، صفحات عديدة.

٢- عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان، چاپخانەی ئاپێك– ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤، ل٩٤.

٣- شاكر خصباك (الدكتور)، الاكراد، دراسة جغرافية اثنوغرافية، مطبعة،شفيق– بغداد، ١٩٧٢، ص٨٢.

4- P.U‹K Genocide mass departation 3839 villages and towns destroyed in Iraq Kurdistan

٥- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٨٨، مطبعة الجهاز المركزى للاحصاء– بغداد،١٩٨٨، صفحات عديدة.

٦- نووسەر لەم سەرچاوانەی تاوتوێ کردووە:

- المملكة العراقية، مديرية النفوس العامة، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٤٧، الجزء الاول و الثانى، بغداد، ١٩٥٤، صفحات عديدة.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عا ١٩٥٧ : لوائى ديالى وكوت، لوائى السليمانية وكركوك، لوائى الموسل و اربيل، مطبعة العانى –بغداد، ١٩٦١، صفحات عديدة.
- الجمهورية العراقية، وزاة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧ لمحافظة اربيل، دهوك، ديالى، السليمانية، صلاح الدين، كركوك، نينوى، واسط،. مطبعة الجهاز المركزى للاحصاء– بغداد، ١٩٨٧.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهز المركزى للاحصاء، مديرية الاحصاء السكانى، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، لمحافظة اربيل دهوك، ديالى، السليمانية، صلاحالدين، كركوك، نينوى، واسط، مطبعة الجهاز المركزى للاحصاء– بغداد،١٩٨١.

٧- سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە :

- المملكة العراقية، مديرية النفوس العامة، نتائج التعداد للسكان لسنة ١٩٤٧، الجزء الاول والثانى، بغداد، ١٩٥٤، صفحات عديدة.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧: لوائى ديالى و كوت، لوائى السلمانية وكركوك، لوائى الموصل و اربيل، مطبعة العانى – بغداد، ١٩٦١، صفحات عديدة.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧ لمحافظة اربيل، دهوك، ديالى، السلمانية، صلاح الدين، كركوك، نينوى، واسط، مطبعة الجهاز المركزى للاحصاء – بغداد، ١٩٧٨.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء، مدرية الاحصاء السكانى، نتائج التعدد العام للسكان لسنة ١٩٧٧ لمحافظة اربيل، دهوك، ديالى، السليمانية، صلاح الدين، كركوك، نينوى، واسط، مطبعة المركزى للاحصاء – بغداد١٩٨١.

٨- بگەڕێوە بۆ ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

- المملكة العراقية، مديرية النفوس العامة، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٤٧، الجزء الاول والثانى، بغداد، ١٩٥٤، صفحات عديدة.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧: لوائى ديالى وكوت، لوائى السليمانية وكركوك، لوائى الموصل واربيل، مطبعة العانى -بغداد، ١٩٦١، صفحات عديدة.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزى لاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧ لمحافظة اربيل، دهوك، ديالى، السليمانية، صلاح الدين، كركوك، نينوى، واسط، مطبعة الجهاز المركزى للاحصاء -بغداد، ١٩٧٨.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء، مديرية احصاء السكانى، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، لمحافظة اربيل، دهوك، ديالى، السليمانية، صلاح الدين، كركوك، نينوى، واسط، مطبعة الجهاز المركزى للاحصاء - بغداد، ١٩٨١.

تێبینی: ژمارەکانی ساڵی (١٩٢٧) (١٩٣٥) خەملاندنە لە سەر بنچینەی سەرژمێری ١٩٤٧ و ١٩٥٧.

9- PUK Genocide mass departation 3839 villages and towns desroyed in Iraq Kurdistan

بەشی دووەم

دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان

باشووری کوردستان لەرووی پانتایی و ژمارەی دانیشتوانەوە، لەدوای ناوچەی باکوورو رۆژهەلات دێ. بەگوێرەی بۆچوونی نووسەر، ئەم بەشەی ولات ٨٧١١٧ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، ژمارەی دانیشتوانی بەگوێرەی ئەنجامی سەرژمێری گشتی سالّی ١٩٨٧، وەك لە پێشەوە ئاماژەمان بۆکرد، ٤ ملیۆن و ٣٨٧ هەزار کەس بووە (تابلی ٤).

تابلی ٤

پانتایی و ژمارەی دانیشتوانی کوردستان بەگوێرەی ناوچە (١٩٨٥) [١]

ناوچە	پانتایی		دانیشتوان	
	کم٢	٪	هەزار	٪
باکوور	٢١٥٨٩٢	٤٠,١	٩٨٦٤	٤١,٠
رۆژهەلات	٢١٩٤٩٢	٤٠,٨	٩٢٠٤	٣٨,٢
باشوور	٨٧١١٧	١٦,٢	٤٣٨٧	١٨,٢
رۆژئاوا	١٥٢٦٤	٢,٨	٦٣٤	٢,٦
تێکرا	٥٣٧٧٦٥	١٠٠,٠	٢٤٠٨٨	١٠٠,٠

دابەشکردنی دانیشتوان بەسەر پانتایی- چڕی گشتی دانیشتوان- سالّی ١٩٨٧ لەدەوروبەری ٥٠ کەس بوو لەیەك کیلۆمەتری چوارگۆشەدا. تەنیا بۆ بەراوردکردن ئەلّێین، ئەمەیان دوو جار لەچاو ئەوەی سالّی ١٩٦٥ زیاترە (٢٤ کەس) و کەرەت و نیوێك لەوەی ١٩٧٧ (٣٨ کەس) زیاترە، بەلاّم زیادەکە بەگوێرەی چڕی ناوەندی کوردستانەوە (٤٥کەس) تەنیا (٥) کەسە.

چڕی دانیشتوان لەنێوان یەکە ئیدارییەکانی باشووری کوردستاندا، گەلێ جیاوازیان هەیە لەگەڵ یەکتردا، ئەویش لەبەر جیاوازی باری سروشتی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بگرە رامیاریش. بۆ ئەوەی نەخشەی دابەشبوونی جوگرافیمان بەتەواوی بێتە پێش چاو، لەسەر ئاستی یەکە ئیدارییەکان:[٢] (ئەستان، قەزا، ناحیە) هەوڵی شیکردنەوەی ئەم دیاردە جوگرافییە دەدەین.

تابلی ٥

چڕی گشتی دانیشتوان لەباشووری کوردستاندا (١٩٧٧)*

ئەستان / قەزا / ناحیە	کچگ	دانیشتوان	کەس/کچگ
هەولێر	١٤٤٢٨	٥٤١٤٥٦	٣٨
هەولێر	٢٦٨٣	٢٧٠٢٧٠	١٠
سەنتەر(هەولێر)*	-	١٩٣٥٥٨	-
عەنکاوە	٩٤٠	٣٠٣٠٣	٣٢
قوشتەپە	١٢٧٣	٢٨٢٨٧	٢٢
خەبات(هەنجیرۆک)	٤٧٠	١٨١٢٢	٣٩
مەخمور	٢٦٣٧	٥٧٣٦١	٢٢
سەنتەر	٤٤٨	١٠٦٠٦	٢٤
گوێر	٥٠٩	٢٢٩٦٢	٤٥
کەندیناوە(دیبەگە)	٧٠٧	١٤٠٨١	٢٠

* تێبینی: ئەمانەی ناو کەوانەکان ناوی سەنتەری یەکە ئیدارییەکەیە، لەکاتی جیاوازی ناوەکە لەگەڵ یەکە ئیدارییەکە.

قەراج (باقرتە)	٩٧٣	٩٧١٢	١٠
کۆیە (کویسنجق)	٢١٢٤	٤٨١٤٧	٢٣
سەنتەر	٦٤٧	٢٤٣٦٢	٣٨
تەقتەق	١٠٧٣	١٥٦٠٧	١٥
شۆرش(دێگەڵە)	٤٠٤	٨١٧٨	٢٠
رواندز	٢٩٠٤	٦٤٨٧٧	٢٢
سەنتەر	٥٠٩	١٥٢٧١	٣٠
برادۆست (سیدەکان)	١٦٩٠	٩٩٨٦	٦
دیانا	٢٩٠	٢٦٩٨٣	٩٣
خەلیفان	٤١٥	١٢٦٣٧	٣٠
زێبار	١٤٠٩	٢١٣٨٨	١٥
سەنتەر(مێرگەسور)	٤٧٧	١٠٦٢٥	٢٢
بارزان	٣٠٨	-	-
مزوری بالآ (شێروان مەزن)	٦٢٤	١٠٧٦٣	١٧
شەقلاوە	١٧٥٢	٥٥٤٢٨	٣٢
سەنتەر	-	٩٨٦٩	-
خۆشناو (هیران)	٤٩٢	٦٣٦٥	١٩
هەریر	٤٦٠	١٦٣٧٢	٣٦
سەلاحەدین	٨٠٠	١٩٨٦٥	٢٥
چۆمان	٩١٩	٢٣٩٨٢	٢٦

سەنتەر	-	٥٠٢٢	-
باڵەك (گەڵاڵە)	٦٧٤	١٥٧٨٧	٢٣
حاجی ئۆمەران	٥٤٥	٣١٧٦	٦
دهۆك	**٦٣٧٤**	**٢٥٠٥٧٥**	**٣٩**
دهۆك	١٥٠٩	١٠٢٥٧٤	٦٨
سەنتەر	-	٤٠١٩١	-
بیمێڵ	٧٦٠	٣٦٨٠٧	٤٨
دۆسكی (مانگێش)	٣٩٢	١٥٠٥٢	٣٨
زاوێتە	٣٥٧	١٠٥٢٤	٢٩
ئامێدی (عەمادیە)	٢٧٤٩	٧٣٥٩٣	٢٧
سەنتەر	٣٨٨	١٧٤٨٦	٤٥
سەرسینگ	٩٤٤	٢٥٨٩٩	٣٦
نێروێ و رێكان (بێبۆ)	٧٢٠	١٣١٨٦	١٨
بەرواری باڵا (كانی ماسی)	٦٩٧	١٧٠٢٢	٢٤
زاخۆ	٢١١٦	٧٤٤٠٨	٣٥
سەنتەر	-	٣٠٢٩٩	-
سلێڤانی(عاسهێ)	٧١٠	٨٣٩٤	١٢
سندی (شەرانش)	٥٥٠	١١٨١٠	٢١
گولی(باتوفا)	٥٥٧	١٤١٢٨	٢٥
رزگای(برایم خەلیل)	٢٩٩	٩٧٧٧	٣٣

سلێمانی	١٦٤٨٢	٦٩٠٥٥٧	٤٢
سلێمانی	٢٣٢٢	٢٤٥٧٢١	١٠٦
سەنتەر	-	١٧٥٤١٣	-
سەرچنار	٦٨٠	٢٥٧٣٢	٣٨
تانجەرۆ(عەربەت)	٥٩٨	١٧٣٦٧	٢٩
بازیان (تەیناڵ)	٣٧٦	١٢٤٤٣	٣٣
قەرەداغ	٦٦٨	١٤٧٦٦	٢٢
هەڵەبجە	١٥٩٢	٩١٩٣٩	٥٨
سەنتەر	-	٢٢٤١١	-
سیروان (کێلەسپی)	٧٣٢	١٩٢٩٠	٢٦
خورماڵ	٢٤٨	١٣١٦٩	٥٣
بیارە	٢٢٨	١٤٣٦٨	٦٣
شارەزوور(سەیدسادق)	٣٨٤	٢٢٧٠١	٥٩
پێنجوێن	١١٢٧	٣٦١٦٥	٣٢
سەنتەر	٤١٧	٢٢٣٥٣	٥٤
گەرمك	٧١٠	١٣٨١٢	١٩
شارباژێر	٢٢١٣	٦١٢٠٨	٢٨
سەنتەر(چوارتا)	٧٠٣	١٧٥٤٧	٢٥
سیوەیل(باسنێ)	٣٦٠	١١٩٨٨	٣٣
ماوەت	٦٠٧	١٩١٨٥	٣٢

سروچك (بەرزنجە)	٥٤٣	١٢٤٨٨	٢٣
پشدەر	١٤١٢	٤٩٨٦٧	٣٥
سەنتەر(قەلادزێ)	٣٣٦	٢٤٦٤٠	٧٣
هێرۆ	٢١٢	٨٢٥٧	٣٩
ناودەشت (سەنگسەر)	٨٦٤	١٦١٥٠	١٩
رانیە	١٥٢٨	٥٣٣٦٢	٣٥
سەنتەر	-	٨٥٩٤	-
مەرگە (بنگرد)	٥٩٣	١٨٠١٢	٣٠
رانیە (چوارقورنە)	٦١٧	١٨٠٠٠	٢٩
بێتواتە	٣١٨	٨٧٥٦	٢٨
دوكان	١١١٠	٣١٦٤٦	٢٩
سەنتەر	-	٣٩٤٠	-
سورداش	٦٥٨	١٩٣٢٣	٢٩
چناران (خەلەكان)	٤٥٢	٨٣٨٣	١٩
دەربەندیخان	٥٥٤	٢٣٨٩٩	٤٣
سەنتەر	٥٥٤	٢٣٨١٩	٤٣
چەمچەماڵ	٢٤٦٩	٥٢٧٧٣	٢١
سەنتەر	٨٧٦	٢٥٣٠٥	١٠
ئاغجەلەر	٦٨٠	١٥٢١٢	٢٢
سەنگاو(گۆپتەپە)	٩٤٠	١٢٢٥٦	١٣

کەلار	٢١٢٨	٤٤٠٥٧	٢١
سەنتەر	٣٦٤	٢٤٨٢٤	٦٨
پێواز (باوەنور)	٩٢٥	١١٧٤٣	١٣
تیلەکۆ	٨٣٩	٧٤٩٠	٩
کەرکوك	**٩٤٣٦**	**٤٩٥٤٣٥**	**٥٣**
کەرکوك	٥٣١١	٤٠٥٤٣١	٧٦
سەنتەر	٣٦٠	٣١٤٠٣٥	٨٧٢
قەرەحەسەن (لەیلان)	١١٣٢	٢١٨٨٦	١٩
شوان (رێدار)	٩١٥	١٦٩٠٢	١٨
تازەخورماتوو	١١٣٧	١٤٩٣٠	١٣
بایچی	٥٥٥	١٦٧٩٧	٣٠
داقوق	١٢١٢	٢٠٨٨١	١٧
حەویجە	٢٤٢٣	٥٢١٧٩	٢٢
سەنتەر	-	٢١٩٧٥	-
عەباس (جبور)	١٠٣٥	١٢١٣٩	١٢
ریاز	١٣٨٨	١٨٠٦٥	١٣
دووبز	١٦٩٢	٣٧٨١٥	٢٢
سەنتەر	١٢١٧	٢٢٥٨٠	١٩
پردێ(ئاڵتون کۆپری)	٤٧٥	١٥٢٣٥	٣٢

نەینەوا	١٨٢٩٤	٩٢٩٣٨٥	٥١
موسڵ	٢٢٢٩	٤٧٧٨٥٩	٢١٤
سەنتەر	٩١٥	٤٢٩٨٨٣	٤٧٠
بەعشیقە	٥٢٧	٢٩٥٩٩	٥٦
زاب	٧٨٧	١٨٣٧٧	٢٣
حەمدانیە	١٢٨٧	٥٢٦٩١	٤١
سەنتەر (قەرەقوش)	-	١٢٨١٤	-
کەلەك (ئاسکی کەلەك)	٣٥٤	٨٩٧٣	٢٥
نەمرود(خدر)	٤٩٥	١٥٢٨٥	٣١
بەرتلە	٤٣٨	١٥٦١٩	٣٦
تلکێف	١٣٧٢	٥٦٢٤١	٤١
سەنتەر	٥١٠	٢٤٧٥٦	٤٩
وانە	٣٦٥	٩٢٢٩	٢٥
ئەلقوش	٤٩٧	٢٢٢٥٦	٤٥
شەنگاڵ (سنجار)	٤١٥٨	١٠٠٥١١	٢٤
سەنتەر	٢٦٢٢	٦٢٥٧١	٢٤
شیمال(سنونی)	١٥٣٦	٣٧٩٤٠	٢٥
تەلەعفەر	٤٧٤٣	١٣٢٨٥٤	٢٨
سەنتەر	١٢١٥	٦٦٥٨٢	٥٥
زومار	١٣٠٦	٣٠٧٩٩	٢٤
عیازبە(ئاڤەگەنی)	٧٣٢	١٤٥٠٤	٢٠

رەبیعە	١٤٩٠	٢٠٩٦٩	١٤
شێخان	١٥١٠	٣٦٤٢٢	٢٤
سەنتەر(ئێسڤنێ)	٥٨٩	١٩٤٧٨	٣٣
مرێیا	٤٣٩	١٤٠٦٩	٣٢
مزوری(ئەتروش)	٤٨٢	٢٨٧٥	٦
ئاكرێ	٢٩٩٥	٧٢٨٠٧	٢٤
سەنتەر	١٩٠	١١٦٨٤	٦١
ئەهلە(دینارتە)	٩٧٧	١٠٣٤٥	١١
عەشایر سەبعە (بەردەرەش)	٨٣٤	٢٧٤١١	٣٣
سورچی (بجێل)	٣٧٤	٦٤٧٤	١٧
گردەسێن	٦٣٠	١٦٨٩٣	٢٧
***	***	***	***
خانەقین	٤٠٤٣	٩٨٨٧٠	٢٤
سەنتەر	١٢٨٧	٤٤٥٦٨	٣٥
مەیدان	٥٩٨	٢٥٦٣	٤
قۆرەتوو	٩٢٥	٥٩٤٧	٦
جەلەولا	٦٢٧	٢٨٩٥٨	٤٦
سەعدیە	٥٩٧	١٦٨٣٤	٢٨
مەندەلی	٦٨١٥	٥٩٧٦٦	٩
سەنتەر	١٤٩٠	٢٥٦٥٦	١٧

بەلەدروز	٢٢١٨	٢٤٩٢٣	١١
قەزانیە	٣١٠٧	٩١٨٧	٣
کفری	٣٣١٤	٥٤٩٠٤	٢٤
سەنتەر	-	١٠٧١٥	-
جەبارە	٤٨٧	٨٣١٦	١٧
سەرقەلاّ	٤٦٥	٥٦٤٦	١٢
کۆکس	٤١٥	١٢٨٥٥	٣١
قەرەتەپە	٩٤٧	١٧٣٧٢	١٨
شارەبان (مقدادیە)	١٤٠٢	٧٢٦٤٩	٥٢
سەنتەر	٥٤٧	٥٣٤٩٤	٩٨
مەنسوریە	٨٥٥	١٩١٥٥	٢٢
توزخورماتوو	٣٨٠٠	٧٥٧٣٧	٥٢
سەنتەر	٢٦٨	٢٩٢٣٣	١٠٩
ئامرلی	٧٥٢	١٥١٠٤	٢٠
سلێمان بەگ	٣٨٨	٧١٧٦	٢١
نەوجۆل	٧٤٠	١٠٢٣١	١٤
قادرکەرەم	١٧٠٢	١٣٩٩٣	٨
بەدرە	٣٧٤٨	١٥٣٢٩	٤
سەنتەر	١٠٧٣	٦٣٢٦	٦
زوربایتە	٨٠٣	٣٥٧٥	٤
جەسان	١٨٧٠	٥٤٢٨	٣

ئاپۆرەترین شوێن لە باشووری کوردستان، ئەستانی کەرکوکە (٥٣ کەس لە ١ کچگ)، هۆیەکانیشی دەگەرێنەوە بۆ: دەوڵەمەندی نێوچەکە بەسامانی ژێرزەوی بەتایبەتی نەوت وەك چاڵاوگەکانی بابەگوڕگوڕ، زەنبوور، بای حەسەن، نەك تەنیا هەر لەکوردستان، بەڵکوو لەهەموو ولاّتانی تری رۆژهەلاّت و گشت جیهان، بەزۆری و سوکی نەوت و کەمی کرێی بەرهەمێنان ناویان دەرکردووە. ئەوە جگە لە زەوی و زارێکی زۆری کشتوکاڵ، ئەمانە هەمووی بۆتە هۆی ئەوەی دەوڵەتی عێراقی داگیرکەر بیر لەوە بکاتەوە کە نێوچەکە بەعارەب بکا، بۆیە هەر لەساڵەکانی شەستەوە، بەدەیان هەزار عارەبی دەشتەکی و خێڵەکیەکان، لەعێراقەوە بۆکوردستان بەگشتی و ئەستانی کەرکوك بەتایبەتی گواستۆتەوە و لەو نێوچە نەوتیانەدا نیشتەجێی کردوون، بەو هیوایەی کە پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی باشوری کوردستان بگۆڕێ.

بەرزترین چڕی دانیشتوان لەناحیەی سەنتەری کەرکوکە (٨٧٢ کەس لە ١ گچك) و نزمترین- ناحیەی عەباس (١٢کەس)، هۆیەکەشی بەپلەی یەکەم دەگەرێتەوە بۆ هەڵکەوتنی یەکێ لەهەرە گەورەترین شاری باشووری کوردستان- کەرکوك و گچکەیی پانتایی لەچاو ژمارەی دانیشتواندا، بەپلەی دووەمیش بۆنەبوونی دامودەزگایەکی پیشەسازی و کەمی زەوی کشتوکاڵ...تاد دەگەرێتەوە.

لەرووی چڕی دانیشتوانەوە، ئەستانی نەینەوا پاش کەرکوك دێ (٥١ کەس لە ١ گچك) واتە کەمێك زیاتر لە ناوەندی چڕی لەسەر ئاستی باشووری کوردستان. هۆیەکانی بەرزی رێژەی چڕی دانیشتوان دەگەرێتەوە بۆ دامەزراندنی دوو لەسەر سێی گشت پیشەسازی نوێ لەو ئەستانیەدا، بازرگانییەکی گەرمی نێوخۆ و دەرەوە، کەگەورەترین خاڵی پێکگەیشتنی هاتووچۆی باشووری کوردستان، لەگەڵ دەرەوەدا پێکدێنێ، جگە لە رێژەی چوار لەسەر پێنجی پانتایی زەوی کشتوکاڵ و

لەگەڵ ئەوەش کە بەناوەندێکی زانستی و کلتوری گەورە دادەنرێ، بەهۆی دامەزراندنی چەندین دەزگای گەورەی فێرکردن و پەیمانگە و زانکۆ.

ناحیەی سەنتەر (موسڵ) لەگشت بەشە ئیداریەکانی تری ئاپۆرەترە، لێرە لە ١ کچگ — ٤٧٠ کەس دەژی، هۆیەکەشی بە پلەی یەکەم بۆ هەڵکەوتی گەورەترین شاری (موسڵ -٤٣٠ هەزار کەس) باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە. نزمترین پلەی چڕی دانیشتوان دەکەوێتە ناحیەی مزوری باڵا (٦ کەس لە ١ کچگ)، لەبەر ئەوەی زۆربەی زەوییەکەی شاخاوییە و بۆ کشتوکاڵ دەست نادا.

سێیەمین ئەستانی باشووری کوردستان لەرووی چڕی دانیشتوانەوە- سلێمانییە (٤٢کەس لە ١ گچك)، ئەگەرچی ئەم رێژەیە لە ناوەندی چڕی گشتی وڵات کەمترە (٨کەس)، بەڵام ئەمەی لێرەدا بەرچاومان دەکەوێ، ئەوەیە کە جیاوازیەکی زۆر گەورە لە نێوان بەرزترین و نزمترین پلەی چڕی دانیشتواندا نییە، ئەویش بەهۆی زۆری زەوی کشتوکاڵ و ئاوی باران، بەگوێرەی پێویست.

چڕی دانیشتوان لە ئەستانی دهۆك و هەولێر لەیەك دەچن (٣٩ کەس بە ٣٨ کەس لە ١ کچگ)، واتە کەمتر لەنزیکەی ١٠ کەس ئەگەر لەگەڵ ناوەندی چڕی دانیشتوان، لەباشووری کوردستاندا بەراورد بکەین. گومان لەوەدا نییە، کە ئەو ژمارەیە دوو جار زیاتر دەبوو، ئەگەر بهاتایە ئاوی باران بەئەندازەی پێویست هەبوایە. جیاوازی نێوان ناحیەکانیش زۆرنین، ئەویش لەبەر ئەوەی باری سروشتی نێوچەکان (باران و پلەی گەرما) و باری ئابووری (کەمی پیشەسازی) لەیەك دەچن.

سەرچاوە و پەڕاویزەکانی بەشی دووەم

١- عەبدوللا غەفور، جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان، چاپخانەی ئاپێك، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤، ل١٤.

٢- بۆ زانیاری زیاتر، ساڵی ١٩٧٧ لە باشووری کوردستان ١٣٨ یەکەی ئیداری هەبوو (قەزا- ٥، ناحیە- ١٢٠).

٣- نووسەر لەم سەرچاوەنەی تاوتوێ کردووە:

- الجمهورية العراقية، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧٦، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء- بغداد، ١٩٧٦، صفحات عديدة

- الجمهورية العراقية، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان ١٩٧٧، لمحافظة اربيل، دهوك، السليمانية، صلاح الدين،كركوك، نينوى، واسط،مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء- بغداد، ١٩٧٨،صفحات عديدة.

بەشی سێیەم

پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی دانیشتوان

یەکەم: پێکهاتەی نەتەوەیی

دانیشتوانی باشووری کوردستان، لەچەند گروپێکی نەتەوەیی سەرەکی پێکهاتوون وەکو: هیندۆ- ئەوروپی،سامی، تورکی، ئەرمەن. تاکو ئێستا ژمارەو رێژەی نەتەوەییان بۆ رێژەی هەموو دانیشتوانی باشووری کوردستان، بەتەواوی دیارنییە، ئەویش بەهۆی چەند فاکتەرێکەوە، یەکێك لەوانە ئەوەیە کە زمان بەبنەمای دەسنیشانکردنی ناسنامەی نەتەوەیی دانراوە، جگە لە شێواندنی پێکهاتەی نەتەوەیی رەسەن بەدەستی ئانقەست و تۆمارکردنی ئەندامانی خێزانی نەتەوە جۆربەجۆرەکان لەسەر نەتەوەی (برا گەورە) بەبیانوی نەبوونی جیاوازییەوە، هەروەها فەرامۆشکردنی زمانی زکماکی بەتایبەتی لەنێو منالاّندا، چ لەماڵەوە وچ لەدەرەوە، ئەویش بە بیانوی باشتر فێربوونی زمانی فەرمییەوە، فشارخستنە سەر نەتەوە بچوکەکان بۆ گۆڕینی پێناسەی نەتەوەیی خۆیان و تۆمارکردنی ناوی خۆیان لەسەر ناوی نەتەوەی گەورە، وەکو نووسینی ئاسوری بەکورد یا عارەب، نیشان نەدان ونەبوونی توانا بۆ پێداچونەوەو بەراوردکردن و لێکۆڵینەوە لە لیستی سەرژمێری گشتی، بەتایبەتی دوای پرکردنەوەی چونکە کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراقی، بەئارەزووی دڵی خۆیان و بەگوێرەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، بۆ تواندنەوەی گەلی باشووری کوردستان، دەستکاری سەرئەنجامی لیستی سەرژمێرییەکان دەکەن و دەیانگۆڕن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کادیرانەی بەکارەکە هەڵدەستن، زۆربەی زۆریان لەو کادیرانەن کە جێی باوەڕی تەواوی دەوڵەتن، بۆیە هەموویان بەبیروباوەڕی شۆڤێنی گۆش کردوون و بەردەوام پەروەردەیان دەکەن، کە خەڵکی بەعارەب تۆمار بکەن، بەتایبەتی لەو ناوچانەدا کە فرە نەتەوەیە.

ژمارەو ڕێژەی نەتەوەکان لە باشووری کوردستان، لەساڵی ١٩٥٧ و ١٩٨٧ لەتابلی ٦ دا تۆمار کراوە. ئەوەی لێرەدا پێویستە بخرێتە ڕوو، ئەوەیە کە گومان لەهەموو ئەو ژمارە و ڕێژانە دەکرێ، ئەویش بەهۆی ئەو هۆیانەوە کەلە سەرەوە باسمانکرد، لەگەڵ ناتەواوی لە حسابکردنی سەرچاوەکان.

تابلی ٦

پێکهاتنی نەتەوەیی باشووری کوردستان (١٩٥٧-١٩٨٧) [١]

سەرژمێری	دانیشتوان (هەزار)	ژمارەو ڕێژە					
		کورد	عارەب	تورکمان	سریان	ئەرمەن	نەزاندراو
١٩٥٧	١٨٢٢	١٠٠٢	٦٤٣	١١١	٥٣	؟	١٣
	١٠٠,٠	٥٥,٠	٣٥,٣	٦,١	٢,٩	-	٠,٧
١٩٦٥	٢٢١٧	١٢٢٨	٧٥٨	١٠٠	٣٨	٥	٨٨
	١٠٠,٠	٥٥,٤	٣٤,٢	٤,٥	١,٧	٠,٢	٤,٠
١٩٧٧	٣٢٩١	١٦٨٨	١٤٤٤	١١٧	٢٧	٢	١٣
	١٠٠,٠	٥١,٣	٤٣,٩	٣,٥	٠,٨	٠,١	٠,٤
١٩٨٧	٤٣٨٧	٢٢,٢	١٩٧٨	١٤٥	٣١	؟	٣١
	١٠٠,٠	٥٠,٢	٤٥,١	٣,٣	٠,٧	-	٠,٧

کورد: بە ژمارە و بە ڕێژە گەورەترین نەتەوەی باشووری کوردستانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەردەوام ڕێژەکەی لە کەمبوون دایە. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٧-١٩٨٧، کەمبونەوەکە بریتی بوو لە ٤,٨٪. هۆیەکانی (جگە لەو هۆیانەی پێشوتر ئاماژەمان بۆ کرد) بۆ پرۆسیسی عارەباندن دەگەڕێتەوە. لێرەدا کەمێ بە درێژی لەم خاڵە دەدەوێین.

ئـەم پرۆسێـسە لـەڕووی سـاڵی جێبـەجێکردن و شـێوە و پلـەی توندوتیـژی و بەرفراوانی و پارەخەرجکردن و هەڵوێستی رامیاری دەوڵـەتی عێراقـەوە، بەسـەر چەند قۆناغێکدا دابەش دەکەین:

قۆناغی یەکەم (١٩٢١-١٩٦٣)

بە عارەبکردنی باشووری کوردستان لەلایەن دەوڵەتی عێراقی داگیرکەرەوە پرۆسیسێکی کۆنە، رەگە مێژوویەکەی بۆ سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، ساڵی ١٩٢٥ دەگەڕێتەوە. ئەم بەرنامەیە، لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکان لە ناوچە جیاجیاکانی باشووری ئەم بەشەی کوردستان دەستیپێکرد، بەتایبەتی لە ناحیەکانی مەنسوریە و جەلەولا و سەعدیە و بەدرە، دواتریش لەقەزای حەویجە، ئەویش بەبیانوی کردنەوەی پرۆژەی کشتوکاڵی حەویجە، بۆ بە عارەبکردنی باشووری رۆژئاوای ئەستانی کەرکوك و نیشتەجێکردنی خێڵە دەشتەکییەکانی عارەب بوو. هەر لەم قۆناغەدا عێراق بە بیانوی نزیکی و بۆ ئاسانکردنی هاتووچۆ، لەساڵی ١٩٤٥ دا ویستی دەشتی قەراج (سەنتەری مەخمور، ناحیەی گوێر، ناحیەی قەراج) بەقەزای شەرقاتی سەر بە ئەستانی موسڵ (نەینەوا) بلکێنێ، بەڵام ئەمەی بۆ نەچووە سەر، لەبەر ئەوەی دەنگی ناڕەزایەکی زۆر لە هەموو لایەکەوە بەرزبۆوە[٢].

قۆناغی دووەم (١٩٦٣-١٩٦٨)

لەم قۆناغەدا عێراق گەلێ پلانی بۆ بەعرەبکردنی باشووری کوردستان دانا، بەتایبەتی هەوڵێکی زۆری بۆ دابینکردنی ناوچە نەوتییەکانی وەك کەرکوك و خانەقیندا، پلانەکانیان زۆر بەخێرایی جێبەجێ دەکرد و ئەو جۆرە عارەباندنە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٣ کرا، بە درێژای هەموو قۆناغی پێشوو نەکرا بوو، ئەویش زیاتر بەبیانوی پاراستنی باری ئاسایشی شاری کەرکوك و نێوچە

نەوتییەکانی دیکە، بۆیە هەر زوو کەوتە روخاندنی هەزاران خانووی ماڵە کوردەکانی کەرەگەکانی شۆریجەو ئازادی لەنێو شاری کەرکوکدا. هەروەها ٢١ گوندی لەنێوان ناحیەی دووبز- کەرکوک راگوێزایەوە (عەولافات، پەلکانە، سەربەشاخ، بیرەبات...هتد)، زیاتر لە (١٥٠٠) خێزانی جووتیاری گوندەکانی (مامە، عەلا غێر، شیرناو، قەرەدەرە، عەمشە، قوتان، قەرەهەیبەت، جوان، قوشقایە، کتکە، شانەشین، مەلا عەبدوللا) و چەندین گوندی دیکەش دەربەدەر کران و تیرە و هۆزی عارەبیان لە شوێن نیشتەجێ کران.

قۆناغی سێیەم (١٩٦٨- ١٩٧١)

دەکرێ ئەم قۆناغە بە قۆناغی راگرتنی بە عارەبکردنی باشووری کوردستان دابنێین، لەلایەکەوە بەعسیەکان تازە دەسەلاتیان بەدەستەوە گرتبوو، زیاتر خەریکی چەسپاندنی دەسەلاتی رامیاری و پایەی دەوڵەتی خۆیان بوون، پروپاگەندەیان دەکرد کە گوایە کە کێشەی گەلی باشووری کوردستانیش چارەسەر دەکەن، ئەوەبوو لە کۆتاییدا، رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠یان لەگەڵ سەرکردایەتی ئەو کاتەی شۆرشی کوردستاندا مۆر کرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کەمو زۆر دەستیان لە بەعرەبکردنی هەندێ ناوچەی ستراتیژی هەڵنەگرت، بەبەهانەی پاراستنی هێمنی و ئاسایشی ئەو ناوچانە بەتایبەتی شاری کەرکوك و دەوروبەری.

قۆناغی چوارەم (١٩٧٢-١٩٨٨)

ئەم قۆناغە بەگەورەترین و پڕ مەترسیترین قۆناغی بەعارەبکردنی ناوچە جیاوازەکانی باشووری کوردستان دادەنرێ، بەرنامەی عارەباندن لە قەزای کەرکوکدا بەشێوەیەکی گشتی و لەنێو شاری کەرکودا بەتایبەتی زۆر بەخێرایی جێبەجێ دەکرا، هەر ئەوندە بەسە کە بڵێین، لەساڵی ١٩٧٢ و بەرەو ژوور ٨٠-

١٠٠ هەزار عارەب بۆ شاری کەرکوك هێنران، کە لەدواییدا بەدرێژی لەم باسە دەدوێین.

ئەستانی سلێمانی، بەگوێرەی ڕێژەی کورد بۆ کۆی گشتی گشت دانیشتوان، لەبەرایی گشت بەشە ئیداریەکانە، ئەم ڕێژەیە لەساڵی ١٩٧٧ دا لە دەوروبەری ٩٤٪ (١٩٥٧-٩٨٪، ١٩٦٥-٨٦٪) لەدواییدا هەولێر دێ — ٨٦ ٪ (١٩٥٧-٨٩٪، ١٩٦٥- ٨٥٪)، ئینجا دهۆك— ٧٦٪(١٩٦٥-٧٩٪) پاشان کەرکوك دێ— ٣٨ ٪ (١٩٥٧- ٤٨٪، ١٩٦٥-٣٦٪)، لەدوای هەموویانەوە نەینەوا — ١٣٪ (١٩٥٧- ٢٢٪، ١٩٦٥-٢٨٪).

جیاوازی لە نێوان بەرزترین و نزمترین ڕێژەی چڕی دانیشتوانی کورد، لە قەزاکاندا لە ٩٩٪ تێدەپەڕێ. دانیشتوانی پشدەر ساڵی ١٩٧٧، گشتیان کورد بوون، لەهەمان کاتدا بەشێکی یەکجار زۆر کەم لەدانیشتوانی قەزای بەدرە بە کورد ناونوس کراون.

عارەب بەگەرەترین کەمینە نەتەوەیی باشووری کوردستان دادەنرێ، ئەم نەتەوەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕێژەیان لە باشووری کوردستاندا زیادیکردووە. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٧-١٩٧٧ لە ٣٠٪ بۆ ٤٤٪ بۆ کۆی گشتی دانیشتوان، واتە زیادبوونە کە ١٤٪ بووە.

بەرزترین ڕێژەی عارەب لە ئەستانی نەینەوا دایە، لەساڵی ١٩٧٧ کەمێك زیاتر بوو لە ٨٥٪(١٩٥٧- ٧٠٪، ١٩٦٥-٦١٪). ئەمەش لەئەنجامی کۆچکردنی دەرەوە بۆ نێو شاری موسڵ بووە، کە زۆربەیان بریتیبوون لە عارەب، وەك نیشتەجێبوونی عارەبە دەشتەکیەکانی (بەدو) ناوچەی جەزیرەی عێراقی، ناونووسکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خێزانی کورد و کەمە نەتەوەییەکانی دیکە (ئاسوری، کلدانی و ئەرمەن) بە عارەب. سەرچاوە مێژوویەکان نیشانی دەدەن،

کە زۆربەی دانیشتوانی شاری موسڵ تا سەرەتای چەرخی هەژدەیەم لە کورد پێکهاتبوون و زمانی قسەکردن لە ماڵ و بازاڕدا هەمان شت بووە[٣].

ئەستانی کەرکوك بەرێژەی عارەب لە دوای ئەستانی نەینەوا دێ. لەساڵی ١٩٧٧ دا لەسەروو ٤٤٪ ی کۆی گشتی دانیشتوانەوە بوون (١٩٥٧-٢٨٪، ١٩٦٥-٣٩٪).

پێکهاتەی نەتەوەیی نێو شاری کەرکوك بەتایبەتی و ئەستانەکە بەگشتی، تا ساڵی ١٩٨٧ بەلای عارەبدا نەشکاوەتەوە. هەر چەند بۆ دواوە بگەڕێیەنەوە، ئەوەندە زیاتر بۆمان دەردەکەوێ کە عارەب لەو شارەی کوردستاندا، لە کەمینەیەکی نەتەوەیی بچوك زیاتر نەبوون، ڕێژەیان بەبەراورد لەگەڵ سەرجەم دانیشتوانی، لە ژمارەی پەنجەکانی دەست کەمتر بووە. بۆ نموونە، لەکۆتایی سەدەی نۆزدە دا، نووسەرێك دەربارەی کەرکوك نووسیویەتی (شاری کەرکوك ناوەندی ئەو لیوایەیە کە پێی دەڵێن شارەزوور و دەکەوێتە ولایەتی موسڵ لەکوردستاندا، سێ چارەکی دانیشتوانی کوردن و چارەکەکەی دیکەیان تورك و عارەبن و شتی ترن)[٤].

عێراق لەپێناو گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی و داشکانی بەلای عارەبدا ئەم هەنگاوانەی هاویشتووە[٥]:

١- گواستنەوەی هەموو فەرمانبەرە کوردو تورکمان و تورکەکانی کەرکوك لە دایەرەی (سجلی مەدەنی کەرکوك) بۆ شارەکانی دیکەی باشووری کوردستان و عێراق و هێنانی فەرمانبەری عارەب بۆ شوێنەکانیان. بەو شێوەیە تا بتوانن بە ئارەزووی خۆیان دەستکاری (سجلاتی نفوس)ی دانیشتوانی شاری کەرکوك بکەن.

٢- هەموو ئەو فەرمانبەر و کرێکار و پۆلیسە کوردانەی کە لەسەر کێشەی کورد رایانکردبوو یان لەسەر کار دەرکرابوون، کە دەبوایە بەگوێرەی ڕێکەوتنەکەی ١١ی ئازار، بۆ سەر کاروباری خۆیان بگەرانایەتەوە. بەڵام بەعس

ڕێگەیان بەوانەی کەرکوك نەدا کە بۆ شوێنەکانی خۆیان بگەڕێنەوە، بەڵکو هەر یەکەیان بۆ شارو شارۆچکەکانی ئەستانی دیکەی باشووری کوردستان گواسترانەوە.

٣- پاشانیش کەوتنە گواستنەوەی ژمارەیەکی زۆرتر لە فەرمانبەری دایەرە و کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك، لە بەرامبەر ئەمەشدا، سەدان و بگرە هەزاران فەرمانبەر و کرێکاری عارەبیان هێنایە شوێنەکانیان.

٤- لە ساڵی ١٩٧٢، عێراق کەوتە هاندان و یارمەتیدانی بێ ئەندازەی چەندین دەرەبەگ و تیرە و هۆزی عارەب، بۆئەوەی زەویوزار و موڵکی جوتیارە کوردەکانی دەوروبەری کەرکوك بکڕن، لەهەمان کاتیشدا، دەرەبەگ و جوتیارە کوردەکانیشیان هاندەدا، بۆ ئەوەی زەوی و زار و موڵکەکانیان بە عارەبەکان بفرۆشن، تالە ئەنجامی ئەو پیلانە گەورەیەی کڕین و فرۆشتنەدا، بەسەدان خێزانی جوتیاری کورد لە ناوچەکانی داودە و کاکەیی بە پارە دەربەدەر کران و گوندەکانیشیان (حەشیشە، دەللسی گەورە، دەللسی بچوك، کۆمر، رەبعاوە، تەلە رەبعە، عەتشاە، تەل مەغار، ئەرغون، سێکانی، کەراکرە، کەریمە، سەی محەمەد) عارەبنشین کران، ئینجا پارەیەکی زۆر و خانووبەرەیەکی زۆری نوێیان بۆ ئەو تیرە و هۆزە عارەبانە دروستکرد، هەم بۆ ئەوەی لە لایەکەوە بتوانن بە ئاسودەیی بژین، لەلایەکی ترەوە هاندەرێکی گەورە بێت بۆ هێنانی خێزانی دیکەی عارەب.

٥- ڕاکێشانی جادەی شەست مەتری و دەست بەسەراگرتنی خانووی خێزانە کوردەکانی شۆریجە، دوای ئەوەی خانووەکانیان دەروخاندن و تەعویزێکی کەمیان دەدانێ و ڕێگەیان پێ نەدەدان لە ناو شاری کەرکوکدا زەوی بکڕن و جارێکی تر خانووی تێدا دروست بکەنەوە، ئەویش بۆ ئەوەی دەربەدەری شارەکانی دیکەی باشووری کوردستان و عێراق بن.

٦- کردنەوەی پرۆژەی کبریت و کارگەی کۆکاکۆلا لەشاری کەرکوک و هێنانی کرێکاروفەرمانبەری عارەب بۆیان و فەرامۆشکردنی کرێکارە کوردو تورکمانەکان. هەر یەکێکیش لەو کرێکار و فەرمانبەرانە، یا هەر یەکێك لەو خێزانە عارەبانە،(دەفتەر نفوس) ی ساڵی ١٩٥٧یان بۆ دەرهێنان، گوایە هەر لەکۆنەوە لە دانیشتوانی رەسەنی شاری کەرکوکن.

٧- قەدەغەکردنی کڕینی زەوی و خانووو، خانوودروستکردن لەهەموو ناوچەکانی کوردی دانیشتوانی کەرکوك و دەوروبەریشی و دەستگرتن بەسەر هەموو خانووو ومولـك ومالّی ئەو کوردانەی کە پەیوەندیان بە شۆڕشی کوردستانەوە کردبوو، یان لەترسی زەبروزەنگی دەزگا تۆقێنەرەکانی دەوڵەتی عێراقی و بوون بە بەعسی و جیشی شەعبی و رایان کردبوو، لە دوایشدا لەسەر ئەو عارەبانە تاپۆ کران کە بەمەبەستی بەعارەبکردنی ناوچەکە هێنرابوون و لە ماڵەکانیشیاندا نیشتەجێکران.

٨- دایەرەو کارگەکانی دەوڵەت ئاگادارکرابوون لەوەی کە هیچ فەرمانبەر و کرێکارێکی کورد بۆی نییە خۆی نەقلی کەرکوك بکا، ئەو کوردانەش کە دەیانەوێ کەرکوك بەجێ بهێڵن و نەقلی شارەکانی دیکەی باشووری کوردستان و عێراق بن، پاداشتیان لەلایەن دەوڵەتەوە دەدرێتێ.

٩- گۆڕینی ناوە کۆنەکانی شوێنەواەرکانی شاری کەرکوك، وەك شەقام و گەڕەك و کۆگە و قوتابخانە و گۆڕەپانە کوردی و تورکییەکان بۆ سەر ناوی عارەبی. گەڕەکی رەحیماوایان کردووە بە حەی ئەندەلوس، ناوی قوتابخانەی ئاسۆیان گۆڕیووە بە تەلیعە، ئامادەیی کوردستانیان کردووە بە عەبدول مەلیکی کوڕی مەروان.

١٠- دروستکردنی گەڕەکی تایبەتی بە شێوەیەکی بەرفراوان لەسنووری شارەوانی کەرکوکدا. نەخشەکێشانی گەرەکی کەرامە (حی الكرامە). لەساڵی

١٩٧٠ دا و جێبەجێکردنی زۆر بەزوویی، لە دەستپێکردندا دروستکردنی (٦٠٠) خانووو لە جێگایەکی گرنگ و ستراتیجی – باکووری رۆژهەڵاتی شاری کەرکوک – بەرامبەر گەرەکی ئیسکانی تازە لەسەر جادەی کەرکوک– سلێمانی، ئەوەی شایەنی باسیشە ئۆردوگایەکی تایبەتی سەربازی تەنیا (٣٠٠) مەتر، لەسەرووی گەرەکی کەرامەوە دروست کرا. لە ساڵی ١٩٧١ یشدا لەدووری یەك کیلۆمەتر لەگەرەکی کەرامەوە، بەلای باکوورو لە نێوان گەرەکی ئیسکانی کۆنەوە تا ئازادی، نەخشەی گەڕەکی موسەنا (حی المثنی) یان کێشا کە (٥٠٠) خانووو بوو، وە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢ دا و لە دەستپێکردندا ساڵی ١٩٧٣ دا نەخشەکە جێبەجێکرا. لەنێوان گەڕەکی کەرامە و گەڕەکی موسەنادا، زیاتر لە (٢٠٠) پارچە زەویان لە ساڵی ١٩٨٠-١٩٨١ەوە بەناوی شەهیدانی قادسیەی سەدامەوە، بەسەر عارەبەکاندا دابەشکرد، کە لەدواییدا هەموویان کران بە خانووو. لەبەرامبەر رەحیماواشدا کە ئێستا ناویان ناوە گەرەکی ئەندەلوس گەرەکێك بۆ کرێکارانی کارگەی کۆلا دروست کرد. لەلای کەرکوکی نوێشەوە، کە دەکەوێتە رۆژئاوای شارەوە پرۆژەی دوو هەزار خانووو بۆ چوار هەزار لەلایەن مقاوەلاتی کەرتی تایبەتەوە بە جێهێنراوە، دووەمیشیان لەلایەن کۆمپانیایەکی بیانیەوە بەجێهێنراوە.

لەو بەری عەرەفەوە، واتە بەلای باشووری رۆژئاواوە، جادەی کەرکوك– دووبز، بەو بەری جادەکەوە بارەگاکانی (تیپی دوو، فەیلەقی یەك، فرۆکەخانە) لێیە کە بەرەو باشووری کەرکوك دەکشێ. جا لەم بەرو ئەو بەری جادەی کەرکوك- دووبز، زیاتر لە (١٠٠٠) خانووو دروستکراوە بۆ کرێکارنی کارگەکانی غاز و کبریت و پالاوتنی نەوت، کەپێیان دەوترێت (خانووەکانی عەمەل شەعبی)، ئەو کرێکارە عەربانەیان تێدا نیشتەجێ کردووە کە لە شوێنی کرێکارە کوردە نەقلکراوەکان دامەزراون لەو کارگانەدا.

هەر لەسەر هەمان جادەدا کۆمەڵە خانوویەکی تر بەناوی (حی الضباط) لەبەردەم ئۆردوگا سەربازییەکەی کەرکوك و گۆرەپانی فرۆکەخانەوە دروستکراوە، بە شێوەیەکی کەوانەیی بەرەوە هێڵی شەمەندەفەر درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ئاستی (مەحەتەی کەرکوك). تەنانەت لەنێوان (باب النظام)ی فرۆکەخانە و (باب النظام)ی تیپی دوو، ئەو ماڵانەی تێکەڵی ئۆردوگاکە دەبن و سنوورییان لە نێواندا نامێنێ کە ژمارەی ماڵەکانیش لە (٥٠٠) خانوو زیاترە. لە نێوان ئۆردوگای کەرکوك و ئێستگەی شەمەندەفەرەوە تا دەگاتە تسعینی کۆن و جادەی کبریت، ئنجا بەرەو جادەی کەرکوك –بەغدا و ئێستگەی تەلەفزیۆن، لەوێشەوە بەرەو خاسە چەندین گەڕەکی دیکە دروستکراون کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

زیاتر لە (٦٠٠) خانوو لەتسعینی کۆن بەناوی (حی البعث) دروستکراوە و عارەبی لێ نیشتەجێکراوە. لە نێوان جادەی بەغدا- تکریت، بەرلەوەی بگەیتە ئێستگەی تەلەفزیۆن زیاتر لە (١٥٠٠) خانوو بەناوی (حی الواسطي) دروستکراوە. هەر لەهەمان ناوچەدا زیاتر لە (٤٥٠) خانوو بە ناوی (دور السكك) دروستکراوە، لەسەر جادەی بەغداش زیاتر لە (١٠٠) خانوویان دروستکردووە بەناوی (حی الاشتراكية)وە، بە دەستە چەپی جادەی بەغدا، لەنێوان جادەو خاسەدا، زیاتر لە (١٦٠٠) خانوویان بەناوی (حی الغرناطة) وە، دروستکردووە و بەرەو تسعینی تازە هەڵدەکشێ.

لە دیوی خاسەشەوە، واتە لە ئاستی ئێستگەی تەلەفزیۆن و لە باشووری شارەکەوە بەرەو محەتە و مەجزەرە (قەسابخانەی تازە) دەگاتە ڕێگای لەیلان - شۆریجە، چەندین ئێستگەی جۆربەجۆر و فراوانیان دروست کردووە و نەخشەی چەندین پرۆژەی دیکەشیان داڕشتووە. ئەو گەڕەکانە بەرەو باشووری رۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە نزیکی (حی الكرامه)، ئەو گەڕەکە عارەبنشینانەش بریتین لەم گەرەکانەی خوارەوە:

* لەسەر ڕێگای لەیلان زیاتر لە (١٠٠٠) خانوویان بەناوی (حـی الحجـاج)ەوە دروست کردووە.

* لە نێوان قەسابخانەی تازە و (حـی الحجـاج)دا، (١٥٠٠) خانوویـان بـەناوی (حي العروبە) ەوە دروستکردووە.

* هەر لەهەمان ناوچەدا و لەسەرووی (حي الحجاج) ەوە (٣٠٠) خانوویان بـە ناوی (حي الوحدە) ەوە دروستکردووە.

* بەرامبەر (حي الوحدە) و سەیتەرەی لەیلان (١٥٠) خانوویان بەناوی (حـي الحریە) ەوە دروستکردووە.

* ئینجا لە (حي العروبە) ەوە بەرەو شۆڕیجە (٢٣٠)ماڵی عارەبنشین هەن کە هەموو پیاوەکانیان سەر بە دایەرەی دەوڵـەتی عێـراقن، بۆیـە ئـەو خانووانـەیان ناوناوە بە (دور الامن).

* لە(دور الامن) ەوە بەرەو خوارتر (١٠) خانوو بەناوی (دور ضـباط الـصف) دروستکراوە، بەردەمی ئەم کۆمەڵە خانووەش خێمەی تایبەتی هەیە بۆ پارێزگاری کردنیان.

* لەبەارمبـــەر (دور الامـــن) و (دور ضـــباط الـــصف) بـــەرەو خـــوار (٧٥٠) خانوویان بەناوی (حي القتیبە) دروست کردووە.

* لە (حي القبیة) بەرەو خوار (حي الـشرطة) دەست پێـدەکات، کـە ژمـارەی خانووەکان دەگاتە (١٠٠٠) خانووو.

* لە هاوینی ساڵی ١٩٨١ یشدا وەك وەجبەی یەکەم لـە پـشت سـەیتەرەکەی لەیلانەوە زیاتر لە (٨٠٠٠) پارچە زەوییـان بەسـەر عارەبـە تـازە هاتووەکانـدا دابەشکرد، لەگەڵ پێشکەشکردنی یارمەتیەکی ١٩ هـەزار دیناریـدا، واتـە ١٠ هـەزار دینـار منحـە و ٦ هـەزار دینـار عـەقاری و ٣ هـەزار دینـاریش بـۆ دروستکردنی ژێرزەمین. لەوەجبەی دووەمیشدا ٢٥ هەزار پارچە زەوی دیکـەیان

دابەشکرد، کە ئەمـەیان درێژەکـەی ١٨ کیلۆمـەتر دەبـێ و تادەگاتـە ناحیـەی لەیلان.

١١- جێبـەجێکردنی چـەندین پـرۆژەی جۆراوجـۆر لـەناو جەرگـەی شـاردا، بەتایبەتی لەناو گەڕەکە کوردەکانـدا. لـە نێـوان موسـەلاّو قەسـابخانەی کۆنـدا (٤٠٠) شوقەیان بەسەر ماڵە عارەبەکاندا دابەشکرد، هەر ماڵێکیش ١٠ هـەزار دیناریان داوەتێ، بەمەرجێ ئەوەی شوێنی نـاونووس و جێگـای لـە دایکبـوونی خۆی بگۆڕێتە سەر کەرکوك. لە گەڕەکی ئیمامقاسمیشدا (٢٠٠) پارچە زەوییـان بەسەر ماڵە عارەبەکاندا دابەشکرد و کردویانە بە خانوو، ناویشیان لێناوە (حـی البعث).

١٢- روخاندنی گەڕەکە میللیەکان بەتایبەتی گەڕەکە کوردیەکان کـە بـەناوی ئاوەدانکردنەوەپەرەپێـدان و نەخـشاندنی شارسـتانیەتی شـارەکە و کردنـەوەی رێگـەوبانی تـازە و دامەزرانـدنی پـرۆژەی جۆراوجـۆری دایـەری ئاسـایش و رێکخراوی بەعس. پانکردنی هێڵی شەمەندەفەری کەرکوك- هـەولێر و پـرۆژەی پـردی تەپـە- زێویـە، سـەدان ماڵیـان رووخانـد و بەبلـدۆزەر لەگـەڵ زەویـدا تەختیانکرد.

١٣- گۆڕینی نەخشەی ئیداری ئەستانی کەرکوك: دابرینی قەزای توزخورماتوو بەهەر چوار ناحیەکەیـەوە (قـادر کـەرەم، نـەوجول، سـلێمان بـەگ، ئـامرلی) و لکاندنی بە ئەستانی تکریـت، دابڕینـی قـەزای کفـری بەهـەموو ناحیەکانیـەوە لەکەرکوك و بەستنەوەی بە ئەستانی دیالەوە.

بەم جۆرە دەبینین، شاری کەرکوك سەرباری رووخاندنی هەزاران مـاڵی کـورد و دەربەدەرکردنی دانیشتوانەکەی بە پشتێنەیەکی (٢٠٠٠٠) لە دواکەتوترین ماڵە عارەب بە رەبایە و ئۆردوگای سەربازی ئابڵوقە دراوە. ئەگەر تێکڕای سەرژمێری هەر ماڵێك بە ٤ تا ٥ کەس دابنێین، ئەوا سەرژمێری ئەو عارەبانەی لە ئەستانی

کەرکوکدا نیشتەجێکراون، دەگاتە ٨٠ تا ١٠٠ هەزار عارەب، کەبەشی هەرە زۆریان لە ئەفسەر و پۆلیس و سیخوڕ و ئیستیخبارات و مخابەرات و کەسانی سەر بەپارتی بەعس و کارگێڕانی تایبەتی ئیش و کارەکانی خۆیان وە دایەرەکان پێکهاتوون.

تورکمان: لەرووی ژمارەو ڕێژەوە، تورکمان بەدووەمین نەتەوەیی باشووری کوردستان دادەنرێن، ڕێژەیان وەك کورد بەردەوام لەکەمبونەوە دایە. تورکمان ساڵی ١٩٥٧ زیاتر لە ٦٪ ی گشت دانیشتوانیان پێکدەهێنا و ساڵی ١٩٧٧-٣,٥٪، واتە لە ٢٠ ساڵی دوایدا ٢,٧٪ یان کەم کردووە. هۆکەشی بەپلەی یەکەم بۆ پۆلێتیکی بەعارەبکردن دەگەڕێتەوە، کە تارادەیەك ئەمانیشی گرتۆتەوە.

زۆربەی تورکمانەکان لە ئەستانی کەرکوك دەژین، ڕێژەیان لە ساڵی ١٩٧٧دا کەمێك لەسەروو ١٦٪ گشت دانیشتوان بوون (١٩٥٧- ٢١٪). لەهەمان ساڵدا ڕێژەیان لە ئەستانی هەولێر ١,٦٪ بوو، زۆربەیان لەشاری هەولێر دەژین، ڕێژەیان ناگاتە ١٪ لەیەکە ئیداریەکانی دیکە.

جێگای بنەڕەتی مۆڵدانیان، قەزای کەرکوکە، بەتایبەتی شاری کەرکوك (١٩٪) قەزای توزخورماتوو (١٨٪)، قەزای دووبز (٩٪)، قەزای کفری ٦٪) قەزای خانەقین (٤٪)، قەزای هەولێر بەپلەی یەکەم لەناو شارەکە (٣٪)، قەزای حەمدانیە (٣٪)...هتد.

سریان: کەمە نەتەوەیی سریانی (ئاسوری، کلدانی)، بەشێکی کەم لە دانیشتوانی باشووری کوردستان پێکدەهێنن و ڕێژەیان لە ساڵی ١٩٧٧ لە ١٪ کەمتر و (١٩٥٧- ١,٩٪، ١٩٦٥- ١,٧٪). ئەستانی دهۆك (١٩٧٧- ٤,٦٪) و هەولێر (١,٦٪) کەبە گەورەترین شوێنی مۆڵدانیان دادەنرێ.

ئەو ناوەندە کۆنانەی کە زۆربەی سریانیەکانی تێدا کۆدەبنەوە، بریتین لە قەزای ئامێدی (٧٪)، دهۆك (٥٪)، شەقلاوە (٤٪)، هەولێر (٢٪)، زاخۆ (١٪) و تارادەیەکیش رواندز.

ئەرمەن: ژمارەیەکی زۆر کەم لە ئەرمەنییەکان لە باشووی کوردستان دەژین، لە هیچ کام لەو سەرژمێریە گشتیانەی کە کراوە، رێژەیان لە ١٪ی کۆی دانیشتوانی گشتی تێپەر نەکردووە. شوێنی هەرە گرنگی ژیانیان قەزای زاخۆیە (١٩٧٧- نزیکەی ١٪)، دانیشتوانی گوندەکانی ئافزوریك وهەوریسك، لە سەردەمێکدا بەگشتی لە ئەرمەنەکان بوون[٦].

نەزانداو: ژمارەی نەزاندراو لە نێو دانیشتوانی باشووری کوردستاندا، لە ساڵی ١٩٧٧ دا نزیکەی ١٣ هەزار کەس بوون. ئەمانە یا بەدەستی ئانقەست پێناسەی نەتەوەیی خۆیان ئاشکرا نەکردووە، ئەویش لەترسی ئازاردان و گیروگرفت دروستکردنەوە بۆیان و فەرامۆشکردنی پێناسەی نەتەوەییان بەدەستی ئانقەست لەلایەن عێراقەوە، یاخود لەبەر هەر هۆیەکی دیکە بێ، ئەگینا ئەزلەو بروایەدا نیم، ئەو هەموو کەسە پێناسەی نەتەوەیی خۆیان بزر کردبێ.

دووەم: پێکهاتنی ئایینی

پێکهاتنی ئایینی لە باشووری کوردستاندا هەروەکو پێکهاتنی نەتەوەیی گەلێ ئالۆزە. لەم ولاتە پەیرەوانی زۆربەی ئاینە رۆژهەلاتیەکانی تیدایە، جگە لە ژمارەیەك لە تەریقەت و ریبازی سۆفییەت.

ئەوەی لیرەدا پێویستە بەرچاو بخریّ، نەبوونی ژمارەی تازە و سەرژمیری نەك هەر یەکێ لەو ئایینزایانە یە، بەلکو بۆ ئایینە سەرەکیەکانیش. ئەمەش بۆ وەستانی لە بلاوکردنەوەی ئاماری پێکهاتنی ئایینی دانیشتوان دەگەرێتەوە. لەدوای سەرژمیری ١٩٦٥زاینی و حسابکردنی پەیرەوانی هەندێ ئاینی خۆجێی بە ئیسلام و ئاشکرانەکردنی بروای بەدلّ و دەروون لەترسی ئەشکەنجەو ئازاردان و بەشێوەیەکی گشتی لە باشووری کوردستاندا ئەم چەند ئاینەی لای خوارەوە بلاوە:

ئیسلام: ئیسلام تازەترین ئایینی دانیشتوانی ئەم ولاتەیە، کە پەیدابوونی بۆ نیوەی یەکەمی سەد ساڵەی حەوتەمی زاینی دەگەرێتەوە. میژوونوسەکان زۆربەیان لەسەر ئەو بروایەن، کە گوایە کوردستان بە بەشی باشووریەوە، بەخۆشی و بێجەنگ و داگیرکردن، ئەم ئایینە نوێیەیان پەسەندکردووە، بەلام بەگوێرەی نووسینی میژوونوسانی سەرەتای دەرکەوتنی بیروباوەرِی ئایینی ئیسلام خۆیان و بگرە میژوونوسانی ئەم دواییەش، خەلکی کوردستان زۆر راپەرینی خوێناویان دژی سوپای داگیرکەری عارەب بەرپا کردووە و ئامادە نەبوون بە خۆشی خۆیان دەست لە بیروباوەرِی تایبەتی ئاینی خۆیان هەلگرن. تاکوئێستاش لە چەندین شوێنی کوردستاندا، شوێنەواری ئەم جەنگانە لە یادی خەلکیدا هەر بەزیندوویی ماون. عارەبە موسلمانەکان بۆ سەپاندنی ئاینی تازەی خۆیان لە هیچ کارێکی نارِەوا دەستایان نەگێراوەتەوە. بۆ نموونە لە سالی ٦٣٩ی زاینیدا لە شارەزوور سێ شەو و سێ رۆژ، دەستیان لە کوشتن و برین هەلنەگرتووە بە هەزاران کەسیان کوشتووە[٧]. تەنیا لەبەر ئەوەی خەلکی ئەو ناوچەیە ئامادە نەبوون بێنە ناو جوغزی ئایینی نوێوە.

زۆربەی زۆری دانیشتوانی باشووری کوردستان بە ئاین ئیسلامن. لە سەرژمێری گشتی ساڵی ١٩٨٧دا ڕێژەی ئیسلام بە ٩٣٪ی کۆی دانیشتوان دەخەملێنرێ، (١٩٦٥-٩٢٪)، ئەم ڕێژەیە لەهەموو ئەستانەکاندا وەکو یەك نییە، بۆ نموونە: ڕێژەی موسوڵمان لە ئەستانی هەولێر دەگاتە ٩٨٪، سلێمانی و کەرکوك- ٩٢٪ لە دهۆك- ٨٦٪ و لە نەینەوا- ٩٤٪ لەکۆی گشت دانیشتوان.

موسوڵمانان لەسەر مردن و شوێنی شاردنەوەی پێغەمبەر لە (مەکە) یا لە (مەدینە) هەموو یەك بڕوایان نییە، ئیمامەتی و میراتی پێغەمبەر دوای خۆی کێ بیگرێتە ئەستۆ و هەڵوێست بەرامبەر کەسانێ کە زەکات نەدەن و کاروباری شوراو ڕووداوی سەردەمی ئەمیری ئیمانداران (ئیمامی عەلی) پاش پێکهاتن و پیرۆزباییکردن (بەیعە) و ناکۆکی لەگەڵ (معاویە)دا، لەبەر ئەم هۆیانە موسوڵمانان لە کوردستان و وولاتانی دیکەی جیهاندا بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەش دەکرێن:

أ- **سونە:** دانیشتوانی باشووری کوردستان، زۆربەیان سونییە. ڕێژەیان لەناو دانیشتوانی ئەستانی هەولێر و سلێمانی و نەینەوا، لەسەروو ٩٠٪ وەیە و لە کەرکوك و دهۆك و لە قەزایەکانی خانەقین و مەندەلی و بەدرە کەمێك کەمترن. سونە بریتییە لە ئاینزای شافعی، حەنەفی، مالیکی و حەنبەلی. هەر یەکێ لەم ئاینزایانە، پەیڕەوی تایبەتی خۆی هەیە، بەژمارە و پلەی بڵاوبونەوەی لەگەڵ ئەمەکەی تردا جیاوازە.

١- **شافیعی-** بەربڵاوترین ئاینزای سونی لە نێو خەڵکی باشووری کوردستاندا، ڕێژەیان لە هەموو یەکە ئیدارییەکان، لە ٩٠٪ زیاتر دەبێ و زۆربەی کورد لەسەر ئەو بیروباوەڕەن.

٢- **حەنەفی**- ئەم ئاینزایە لە نێو عارەبەکاندا زیاتر بڵاوە وەك لەنێو کوردەکاندا. بە شێوەیەکی گشتی لە ناوچەکانی باشوور و باشووری رۆژهەڵاتی کوردستاندا زۆر بڵاوە، بەتایبەتی لە ئەستانی کەرکوك.

٣-**مالیکی**- زۆربەی پەیڕەوانی ئەم ئاینزایە، لە بنەڕەتدا دانیشتوانی باشووری کوردستان نین و پەیدابونیان بۆ سەرەتای عارەباندنی باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە. بەتایبەتی بۆ سەرەتای شەستەکان. پەیڕەوانی ئاینزای مالیکی بەرەچەڵەك عارەبن.

٤-**حەنبەلی**- تاسەرەتای حەفتاکان، حەنبەلی لە باشووری کوردستاندا بەدەگمەن هەبوون، بەڵام لەوساڵانە بەدواوە لە ئەنجامی گواستنەوە و هێنانی عارەب لە عێراقەوە و نیشتەجێکردنیان لە باشووری کوردستان، ژمارەیان بەردەوام لە زیادبوندا بووە.

لە باشووری کوردستاندا، گەلێ تەریقەتی سۆفێتی سەر بە تایەفەی سونە هەن، گرینگترینیان ئەمانەن:

١- تەریقەی قادری

دامەزرێنەری ئەم تەریقەیە شێخ عەبدولقادری گەیلانییە، دانیشتوانی گوندی گەیلانی ناوچەی کرماشان بووە. لە ڕێگەی عەبدولکەریمی گەیلانی نەوەی شیخ عەبدولقادر بە شوێنەکانی دیکەی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە.

شێخەکانی قادری، بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەندی تایبەتی خۆیان و بگرە پایەی کۆمەڵایەتیشیان، هەمیشە ڕەچەڵەکی خۆیان بۆ سەر محەمەدی کوری عەبدوڵلا (پێغەمبەری ئیسلام و عەلی کوڕی ئەبو تالب (یەکێ لە چوار خەلیفەکانی راشیدی) دەگێڕنەوە، بەڵام لەناو خۆیاندا لەسەر ئەم بیروباوەڕە یەك نین.

ئەورۆ تەریقەی قادری یەکێکە لە تەریقەتە بەربڵاوەکان و پەیرەوکەرانیشی (دەروێش) لەزۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستاندا هەن، ئەمەش بۆ نزیکی لە ئاینزای سونە و شەریعەت و هەروەها رچەڵەکی شێخەکانیان کە زۆربەی کوردن دەگەڕێتەوە[٨].

٢- تەریقەی نەقشبەندی

ئەم تەریقەیە بەبۆچونی زۆربەی مێژوونووسان، ساڵی ١٨١١ لەلایەن شێخ زیائەدینی کوڕی خالیدی نەقشبەندی (مەولانا خالید) ەوە گەیشتۆتە شاری سلێمانی و هەر لێرەشەوە بە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە. هۆیەکانیشی بۆ هەڵوێستی جیاوازی لەگەڵ تەریقەی قادری سەبارەت بە کێشەی دەسەڵاتدارێتی میرانی بابان و فەرامۆش نەکردنی لایەنی دونیایی لە ژیانی مرۆڤدا لە پێناو ئاییندا دەگەڕێتەوە، بەواتایەکی دیکە، چۆن دینت دەوێ، پێویستە بەو شێوەیەش دونیات بوێ.

٣- تەریقەی رەفاعی

ژمارەیەکی کەم لە موسڵمانەکانی باشووری کوردستان، پەیڕەوی ئەم تەریقەتە دەکەن. ئەم تەریقەتە بەزۆری لە نێو تورکمانەکانی ئەستانی کەرکوك و شاری هەولێردا بڵاوە.

٤ - رێبازی هەقە

داهینەری رێبازی هەقە لە باشووری کوردستاندا، بەشێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە دادەنرێ، کە شێخی نەقشبەندی بوو لە قەزای سورداش. بۆیە شێخی ناوبراو (وەکو تەریقەیەکی ئاینی رووت وشك سەیری تەریقەتی نەقشبەندی نەکردووە، کە بەهۆیەوە بگات بە توانەوە لە خوا پەرستیدا، بەڵکو بەم شێوە و لە رێگەی ئەم رێبازەوە، ویستوویەتی ئامۆژگاری و پرەنسیپەکانی تەریقەتەکەی و

ڕێبازی ئاین بەگشتی لە بواری ژیانی کۆمەڵایەتیدا پیادە بکات و باوەڕ بە (یەکسانی) کە هەزاران ساڵ بوو ئیدیاڵی ئاین و ئاینزای شۆرشگێرانی دونیا بوو، و هەر لەو پێناوەدا بۆی لەتێکۆشاندا بوون)[٩]. ڕێبازی هەقە لەسەردەمی مامە ڕەزادا توشی گەلێ بوژاندنەوەو سیسی بووەو شێخیش لە بەندیخانەدا گیراوە.

ب- **شیعە:** لەناو دانیشتوانی باشووری کوردستاندا، پەیرەوکەرانی تایەفەی شیعە هەن. بەڵام ڕێژەیان چوار جار لە چاو ڕێژەی سونەکاندا کەمترە (٢٠٪). زۆربەی شیعەکان لە ئەستانی کەرکوك (٨٪) و دهۆك (٥٪) و قەزایەکانی خانەقین و مەندەلی و بەدرە و توزخورماتوو و شوێنەکانی دیکە دەژین.

شیعەکانی باشووری کوردستان لە نێو خۆیاندا، بەسەر چەندین دەستەدا دابەش بوون، کەلەگەڵ یەکدیدا لەرووی بڕواو هەڵوێست لە ئیمامی عەلی و ژمارەی پەیرەوکەرانی، جیاوازیەکی کەمیان هەیە. گەورەترین ئاینزای شیعە لە باشووری کوردستاندا ئیمامیەیە (دوازدەیی) و بە پلەی یەکەم لەهەموو قەزایەکانی ئەستانی کەرکوکدا دەژین و لەنێو کورد و عارەب و تورکمانەکاندا بڵاوە.

٢- مەسیحی

ئاینی مەسیحی لە شاری ئۆرشەلیم سەری هەڵدا و یەکەم کڵێسەی لە هەمان شاردا دروستکرد، لەدواییدا لە ڕێگەی نێردراوەکانی عیساوە، بۆ قەزاکانی دیکەی فەلەستین تەشەنەی کرد. لە پاشتریش لەرێی هەمان کەسانەوە بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتینیدا، وەك فینیقیا و قوبرس و شاری ئەنتاکیەدا بڵاوبۆتەوە. بەڵام دەربارەی بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە لە کوردستاندا و لە چ سەردەمێکدا بڵاوبۆتەوە، دوو بیروبۆچوون هەیە: یەکێکیان دەڵێ، لە ڕێگەی کەسانی پارسی و مادی و ئیلامی، کەلە سەدەی یەکەمی زاینی، بەمەبەستی زیارەتکردنی عیسا و بینینی کەرامەتەکانی، سەردانی ئۆرشەلیمیان کرد. گومان لەوەدا نییە ئەو کەسانە پاش گەرانەوەیان، باسی ئەم پێغەمبەرەیان بۆ خەڵکی

ناوچەکە کردووە، بەڵام لەوە دەچێ کە کارێکی زۆریان نەکردبێتە سەر خەڵك بۆ ئەوەی لە بیروباوەری خۆیان واز بێنن و بچنە سەر ئەو ئایینە نوێیە. لەلایەکی تریشەوە نوێنەرەکان هیچ کامێکیان لەوانە نەبوون دەسەڵاتی فەرمانرەوایان هەبوبێ و خەڵکیان ناچار کردبێ بۆئەوەی بێنە سەر ئاینی تازەی عیسا. بە پێی بۆچوونێکی دیکە، دەبێ لە رێگەی دانیشتوانی شاری روها (ئۆرفا) و ئەنتاکیە لەسەدەی سێیەمی زاینیدا بوبێ، خەڵکی ئەم دوو شارە بەردەوام و بەگەرمی بەمەبەستی بازرگانی هاتووچۆی یەکدیان دەکرد. دووریش نییە چەند کەسێکی دانیشتوانی ئەنتاکیە روویان لەشاری رۆها کردبێت و لێی نیشتەجێ بووبن. ئەم ڤێرسایە رێگای زیاتری تێدەچێ، چونکە لەلایەکەوە لەبەر کورتی مەودای نێوان شارەکان و لەلایەکی ترەوە گەیشتنی هەواڵی تازە لەمەر ئەم ئاینەوە. لەدواییدا بەرەبەرە بە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا بڵاوبوبێتەوە و لەزۆر لایەنەوە ئەبریشیە دروست کراوە، کەژمارەیان لەچارەکی یەکەمی سەدەی سێیەم لە ٢٠ زیاتر بوو لە هەموویان بەناوبانگتر حەدیاب (هەولێر)- یەکەم کڵێسە لە رۆژهەڵات- و بازیدی (سازخ) و کەرخ سلوخ (کەرکوك) و هەلوان و شەنگارو هی دیکە.

مەسیحیەکانی باشووری کوردستان، ئەگەر چی لەسەر تاقە خودایی و پێغەمبەرایەتی عیسا یەك بڕوان، بەڵام لەشیکردنەوەی کەسایەتی ئەم پیاوە بۆچونی جیاوازیان هەیە، کە ئەمەش بۆتە هۆی پەیدابوونی چەند ئاینزایەك و هەریەکێ لەو ئاینزایانە بەناوی داهێنەرەکەیەوە، ناوی رۆیشتووە، بەڵام لە هەموویان لەمێژینەتر و بەپەیڕەوانتر و بەدەسەڵاتر و بەربڵاوتر ئەمانەن:

أ- **نەستوری:** نەستور لەشاری مەرعەش (جەرمانیق)، باکووری رۆژئاوای کوردستان لەساڵی ٣٧٨ی زاینیدا لە دایکبووە. پێش ئەوەی ببێتە پەترەریکی قوستەنتینیە، لەساڵی ٤٢٨دا، لەدێری ئۆبریبیۆسی ئەنتاکیە دەیخوێند، بەهۆشیاری و زیرەکی و کەرامات ناوی دەرکردبوو. لەکۆتایی سەدەی پێنجەمدا، بیروڕای خۆی بەرامبەر کەسایەتی عیسا بەم شێوەیە راگەیاندووە: (خلاصتها

الاعتقاد باقنومين وطبيعتين في السيد المسيح. لذلك فهو مسيحان احدهما ابن اللة والاخر ابن الانسان. وان مريم لايجوز ان تدعى (والدة الله) بل ام المسيح). بەلاّم ئەم بۆچونەی نەستور، بەبڕوای ژمارەیەکی زۆر لە ئەسقۆفەکان لادان بوو لە ئاینی مەسیح.

لە ساڵی ٤٣٠ ی زاینییدا، بۆ دەربرینی پەشیمانی لە بۆچونەکەی بانگیان کرد، لەبەر ئامادە نەبوونی، ناچاربوون لە ساڵی ٤٣١ی زاینییدا، کۆبونەوەیەکی گەورەتر لە ئافسس بکەن. ئەم جارەشیان بانگهێشتەکەی پشت گوێخست و لە ئەنجامدا بڕیار دەرچوو بەقەدەغەکردنی ئامۆژگاریی بۆگەنەکانی نەستور و دوورخستنەوەی و سەرەونگومکردنی لەساڵی ٤٣٥ بۆ ئاودسا لە میسر. لەگەڵ ئەوەشدا بۆچونەکانی و ئامۆژگاریەکانی، نەك هەر کزنەبوو، بەڵکو لەناو خەڵکیدا گەشەیان سەندو هەتا ئەوڕۆکەش لایەنگرانی لەهەموو قوژبنێکی ئەم جیهانەدا هەن وبە (نەستوریی ئاسوری) ناوبانگیان دەرکردووە.

ب- یاقوبی (سوریانی ئارسیدۆکس): یاقوبی بەرداعی دامەزرێنەری ئاینزای یاقوبیە لە ئاینی مەسیحیدا و لە ساڵی ٥٧٨ی زاینیندا مردووە.یەکێك لەو دوو کەسە بووە، کە پەتریارکی قوستەنتینیە رەوانەی کوردستانی کردون بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری ئاینی و بلاّوکردنەوەی مەسیحیەت لە کوردستاندا. ئەویش بەجوانترین شێوە کارەکەی خۆی بە ئەنجام گەیاندووە.

ئاینزای یاقوبی لەسەر ئەو بڕوایەن کە (فی المسیح طبیعتان متحدتان بدون تغیر ولا انفصال ولا امتزاج) بە واتایەکی تر (ان للمسیح طبیعة مرکبة واحدة وهي الهیة، وتتکون هذة الطبیعة المرکبة من طبیعتین الهیة وبشریة، لکن الاولی حوت الطبیعة الثانیة، فاصبحت الطبیعتان طبیعة واحدة کقطعة الزجاج المصنوع من الرمل والذی اصبح زجاجا ولم یعد الرمل). یاقوبیەکان لە زۆربەی ئاوەدانیەکانی باشووری کوردستان، بەتایبەتی کەرکوك هەن.

پ- ئاینزای کلدانی: کلدانییەکان لە شارۆچکەکانی عەنکاوە و شەقلاوەی ئەستانی هەولێر دەژین. لە قەزا ئیدارییەکانی دیکەی باشووری کوردستان، ژمارەیان زۆر کەمە. لەڕووی ئایینیەوە، یاخود لەرووی هەڵوێستیان بەرامبەر کەسایەتی عیسا، لەگەڵ هاوئاینزاکەی دیکەیان (نەستوریەکان) جیاوازیەکی ئەتۆیان نییە.

٤- ئایینەکانی دیکەی باشووری کوردستان

دانیشتوانی باشووری کوردستان، جگە لە ئیسلام و مەسیحی لەسەر بڕوای ئێزیدی و ئەهلی هەق (کاکەیی) و سارەلی و گۆران و قەڵەم حاجی هی دیکەشن.

١-ئێزیدی

ئێزیدیەکان وەکو زۆربەی پسپۆڕ و نووسەران سەلماندویانە، بەرەچەڵەك کوردن و لە ئاینەکەیاندا گەلێ توخمی ئاینەکانی زەردەشتی و جولەکەو مەسیحی و ئیسلامی تێدا هەیە. بەشی زۆری ئێزیدیەکانی باشووری کوردستان، لەقەزایەکانی شەنگار و شێخان و گوندەکانی دەوروبەریاندا دەژین، لەم ئاوەدانیانە ڕێژەیان لەسەروو ٩٠٪ ی کۆی گشت دانیشتوانەوەیە.

ئێزیدییەکان بروایان بە هێزی خێر (ئاهۆرامازدا) و شەر (ئەهریمەن) هەیە. ئەم دوو هێزە لەململانێیەکی توند دان، کەلە دواییدا سەرکەوتن هەر بۆ یەکەم دەبێ. ئێزیدییەکان دوو کتێبی پیرۆزیان هەیە. یەکەمیان ناوی (جیلوە)یە، ئەوی تریان بە ناوی (مەسحەفا رەش). کۆمەڵگەی ئێزیدی لەمیر و پسمیروو بابەشێخ و شێخ پیر و نەفیرو قەواڵ و کوچەك و موریـد پێـك هـاتووە، هـەر یـەکێ لـەم چـینانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە و پارێزراویشە.

ئێزیدییەکان رۆژانە دوو جار نوێژ دەکەن، یەکێکیان لەبەرەبەیان و ئەوی دیکەیان لە خۆرئاوابوندا. دوو جۆر رۆژووگرتنیان هەیە، یەکێکیان گشتیە کە هەموویان دەیگرن و بەناوی (رۆژوگرتنی ئێزید) و ئەوی دیکەشیان (رۆژوگرتنی خدر ئەلیاسە) تایبەتی و تەنیا بۆ پیاوانی ئاینییە.

٢- ئەهلی هەق (کاکەیی)

ئەم کۆمەڵە ئیتنۆ- ئاینییە لە باشووری کوردستاندا، زیاتر بەکاکەیی ناسراون، ئەگەر چی ناوی راستەقینەیان ئەهلی هەقە و لەلای هەندێ پسپۆر و لێکۆڵەرەشەوە، زیاتر بە ناوی (عەلی ئیلاهی)یەوە ناویان دەرکردووە[١٠].

ئەهلی هەق بەزۆربەی ناوچەکەنی باشووری کوردستاندا بڵاوبونەتەوە، بەتایبەتی هەورامانی لهۆن-چیای شنەروێ و گوندەکانی: هاوار، چاڵان، دەرەتوێ، ژاوەرۆ، لەدەوروبەری کەرکوکیشدا گوندەکانی: مەتیق، مەتراد، عەلی سەرا، جنگلاوە، لهێب، زەنقر. گوندەکانی لای موسڵیش: مەتراد، سفەیە، تۆیلەبەن، هۆردەکی، کوڵەبۆر، گەزەکان و کەلەك. گوندەکانی خانەقینیش: مێخاس، شێخ رەحیم، پویکە، چەمچەقەڵ ...هتد.

پلەی ئایینی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەهلی هەق (کاکەیی) ئەمانەن: سەید، خەلیفە، چاوەش، دەروێش، کەلام خوان. سێ پلەی یەکەم تایبەتی و میراتگرین. ئەهلی هەق، کاروباری ئاینییان بە هۆنراوە و پەخشان و بە زمانی جیاواز (کوردی- دیالێکتی گۆران، فارسی وئازەری) دەربریوە، بە بۆچوونی زۆر کەس، بەناوبانگترین و رەنگە پیرۆزترینیشیان، ئەو تێکستانە بێت، کە پێیان دەڵێن (سەرئەنجام).

٣- شەبەکی

ئاینێکی دیکەی دانیشتوانی باشووری کوردستانە. شەبەك بەرەگەز کوردن و زمانەکەیان کەمێك وشەی عارەبی و تورکی و هی دیکەی تێکەڵاوە. شەبەکەکان بروایان زۆر بەئیمامی عەلی قایمە. بەزۆری لە قەزایەکانی سەر بە ئەستانی

نەینەوا دەژین، بەتایبەتی دەروێشە، قەرەتەپە، باجەربوعە، خەزنەتەپە، منارەرەش، تەیراوا، تۆپزاوا، عەلی رەش، شەبەك، كارێزو...هتد[11]. ژمارەیان لە ١٦ هەزا كەس زیاترە.

٤- سارەلی

پەیڕەوكەرانی ئەم ئاینە، لە ئاوەدانیەكانی تەللبەنە، بەستەلیە، كەبەرلی، خەرابەسوڵتانە و ئاوەدانی دیكەی سەر بە ئەستانی نەینەوا دەژین و خاوەنی ئاینی تایبەتی خۆیانن و بیروباوەڕیان نهێنیە. وەك بیستراوە، كتێبی پیرۆزیان بەزمانی فارسیە و شوێنی ئاینە كۆنەكانی ئێران و بیروبۆچوونی غولاتی شیعەكان، لە ئاینەكەیاندا دەبینرێ.

ئەم ئاینە بۆ ناوەكەیان، چەند فیرسیایەك هەیە، بەگوێرەی یەكێكیان گوایە خەڵك بەهەشتیان لە پیاوە ئاینییەكانیان دەكرێ و دەیانگوت (صارت لی جنة) واتە بەهەشت بووبەهی من[12] لەدوای ئەمە كورت كراوەتەوە بووە بە سارەلی.

٥- گۆران

لە ئەستانی دهۆك و بەتایبەتی لە قەزای زاخۆ، پەیڕەوانی ئەم ئایینە لە باشووری كوردستاندا دەژین. ئایینەكەیان لە چەند توخمێكی ئاینەكانی دیكە پێكهاتووە و ژمارەشیان چەند هەزار كەسێك دەبێ.

سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

١- نووسەر لەم سەرچاوانەی تاوتویّ کردووە.

- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتجيل عام ١٩٥٧، لوائی ديالی وكوت. مطبعة العانی- بغداد، ١٩٦١، لوائی السليمانية وكركوك، مطبعة العانی- بغداد، ١٩٦١. لوائی الموصل و اربيل، مطبعة الارشاد- بغداد، ١٩٦١.
- شاكر خصباك (الدكتور)، العراق الشمالی دراسه لنواحيه الطبيعية والبشرية، مطبعة الشفيق- بغداد، ١٩٧٣.
- فەیسەڵ دەباغ، کورد و کەمە نەتەوایەتیەکانی تر لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ دا، بەشی یەکەم، چاپخانەی پەروەردە- هەولێر، ١٩٩٣.
- عەبدوڵڵا غەفور، ئارستۆڤە ت، ف، باری ئەتنۆ- دیمۆگرافی لە باشووری کوردستاندا، گۆڤاری (رگەز و میللەتان) مۆسکۆ، ١٩٨٩، ژمارە -١٩.

* ژمارەی ساڵی ١٩٧٧ لەم تابلەدا کەمێك جیاوازی هەیە لەگەڵ ژمارەی هەمان ساڵ لە شوێنەکانی تر.

٢- جەمال نەبەز، گۆڤاری کۆمۆنیستانەی یەکێتی تێکۆشین، ١٩٤٤-١٩٤٥، بەبێ ناوی چاپخانە، ستۆکهۆڵم-١٩٨٨.

٣- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە :

- لسترنج كی، بلدان الخلافة الشرقية، ترجمة : بشير فرنسيس و كوركيس عواد، الطبعة الثانية، بيروت، ١٩٨٥.
- جاكسون يو، مشاهدات بريطانی فی العراق، ترجمة طة التكريتی، بغداد-١٩٦٩.
- هامر پور گشال، تاريخ امپراطوری عشمانی (جلد ٢) ترجمه ميرزا علی ابادی، باهتمام جمشيد كيان فر، پائيز ١٣٦٧، ص٨٧٢.

٤- شمس الدين س.، قاموس الاعلام.

٥- لێرەوە تاکۆتایی گۆڕینی نەخشەی ئیداری ئەستانی کەرکوك لەنامیلکەی (کەرکوك و سیاسەتی تەعریب)ی یەکێتی نیشتیمانی وەرگیراوە، ل٢٣-٢٧، کە لە ساڵی

١٩٨٥ی زاینییدا بڵاوکراوەتەوە،بە دەستێوەردانێکی زۆر کەم، ئەمەش وابزانم سوودی لە نامیلکەی (سیاسەتی بەعارەبکردنی کەرکوك) وەرگرتووە.

٦- عەبدوڵڵا غەفور، ئارستۆڤە ت،ف، باری ئێتنۆ- دیموگرافی لە باشووری کوردستاندا، گۆڤاری (رگەز و میللەتان) مۆسکۆ،١٩٨٩،ژمارە -١٩،ل ١٢٤ (بەزمانی رووسی).

٧- عەبدولقادری کوڕی رۆستەمی بابان، رەوشتی کوردان، مێژووی کوردستان، وەرگێڕانی کەریمی حیسامی، ناوەندی چاپ و رازاندنەوەی مەنسوور، ئێسکلستونە - ١٩٩، ل ٢٤.

٨- الجمهورية العراقية، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان ١٩٦٥، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء- بغداد، ١٩٧٣، صفحات عديدة.

٩- رەشاد میران، رەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپخانەی مەنسور- ستوکهۆڵم، ١٩٩٣، ل٦١.

١٠- هەمان سەرچاوە، ل٦٦.

١١- هەمان سەرچاوە، ل١٥٩.

١٢- عەبدوڵڵا غەفور، ئارستۆڤە ت. ف، باری ئێتنۆ- دیمۆگرافی لە باشووری کوردستاندا، گۆڤاری (رگەز و میللەتان)، مۆسکۆ، ١٩٨٥،ژمارە -١٩٥،ل-١٢٦.

١٣- حوسێنی خەلیقی (دکتۆر)، کۆمەڵناسی کوردەواری، بەرگی دووەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغداد، ١٩٩٢، ل٢٢٠.

بەشی چوارەم

شارنشین و گوندنشینەکان

شار- بریتییە لە هەموو سەنتەری بەشە ئیدارییەکان، وەك ئەستان، قەزا، ناحیە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ژمارەی دانیشتوان، جۆری چالاکی کۆمەڵانی خەڵکی (پیشەسازی یا کشتوکاڵ)، جۆری ژیان، چەشنی خانووبەرە، سروشتی خزمەتگوزاری و کلتووری و تەندروستی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی[١]. بەگوێرەی ئەو پێناسەیە ژمارەی شارنشینان لە ساڵی ١٩٨٧، بریتی بوو لە ٣ ملیۆن و ١١١ هەزار کەس، واتە ٧١٪ لەهەموو دانیشتوان، کە ئەمە کەمێك لە هی وڵاتەکانی دەوروبەری وەکو عێراق (١٩٨٧-٧٠٪) زیاترە.

ژمارەو ڕێژەی شارنشینان لەنێو دانیشتواندا، لەساڵی ١٩٢٧ەوە تا ئەورۆ بەردەوام لە زیادبووندایە، (تابلی ٧)، هۆی ئەم زۆربونە بۆ چەند فاکتەرێك دەگەڕێتەوە، لەوانە: وێرانکردنی گوندەکانی باشووری کوردستان و گواستنەوەی گوندنشینەکان بۆ سەنتەرە ئیدارییەکان، ئەویش بەمەبەستی قایمکردنی کۆنترۆڵی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، لەلایەن دامودەزگاکانی دەوڵەتی داگیرکەری عێراقیەوە و لە نێوبردنی سەرچاوەکانی ژیان وەك خواردن و خواردنەوە و جێگەی حەوانەوە، بۆ دژایەتیکردن و پاکتاوکردنی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان و عێراق، کە دژ بە دەوڵەتی بەعسی عێراق دەجەنگان. کۆچکردن لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان و گەران بەدوای هێمنی و ئاسایش و نان پەیداکردندا، بەرزکردنەوەی پلەی هەندێ ئاوەدانی، ئەویش بەوەرگرتنی سفەتی ئیداری نوێ، پاراستنی ڕێژەی زۆربوونی منداڵبون لەنێو دانیشتوانی شارەکاندا، نزمبونەوەی ڕێژەی مردن لەو ئاوەدانیانەدا بەبەراوردکردن لەگەڵ گوندەکاندا.

تابلی ٧

دینامیکی شارنشین و گوندنشین له باشووری کوردستاندا (١٩٢٧-١٩٨٧)[٢]

سەرژمێر	دانیشتوان (هەزار)	شارنیش		گوندنیش	
		هەزار	%	هەزار	%
١٩٢٧ خەملاندن	٦١٣	٥١	٨,٣	٥٦٢	٩١,٧
١٩٣٥ خەملاندن	١٠١١	١٢٦	١٢,٥	٨٨٥	٨٧,٥
١٩٤٧	١٣٨٣	٢٥٦	١٨,٥	١١٢٧	٨١,٥
١٩٥٧	١٨٢٢	٥٧٦	٣١,٦	١٢٤٦	٦٨,٤
١٩٦٥	٢٢١٧	٩٦٤	٤٣,٥	١٢٥٣	٥٦,٥
١٩٧٧	٣٣٠٣	١٧٩١	٥٤,٢	١٥١٢	٤٥,٨
١٩٨٧	٤٣٨٧	٣١١١	٧٠,٩	١٢٧٦	٢٩,١

ئەستانەکانی باشووری کوردستان، بەگوێرەی پلەی شارستانێتی، (ئۆربەنیر پرۆڤەنەست) ساڵی ١٩٨٧ یەك لەدوابیەك، بەم شێوەیە بوون:

١- **هەولێر**: بەرزترین پلەی شارنشینی لەساڵی ١٩٨٧دا لە هەلێر بوو-٤،٧٧٪ی گشت دانیشتوان،(١٩٦٥- ٣٧,٧٪، ١٩٧٧- ٥٣,٢٪). ئەویش بە هۆی گواستنەوەی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی گوندەکان بۆ ناو شارەکان و دەربەدەرکردنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی سەر بە ئەستانی کەرکوك، بەتایبەتی شاری کرکوك و دانیشتوانی قەزای خانەقینیش.

٢- **کەرکوك**: رێژەی شارنشینی لەم ئەستانەیەدا، لەساڵی ١٩٧٧دا بریتیبوو لە ٧٥و٤٪ بە بەراوردکردن لەگەڵ رێژەی سەرجەمی دانیشتواندا (١٩٦٥-

٤٩,٠%، ١٩٧٧- ٧٠,١%). ئەم بەشە ئیداریە هەر لەکۆنەوە پلەی شارستانی تێدا بەرزبووە، ئەویش بەهۆی کاروباری پیشەسازی ودەرهێنانی نەوت، بۆیە خەڵکی لەزۆرلاوە روویان تێکردووە، ئەمەش بۆتە هۆی گەشەکردنی کاری خزمەتگوزاری و زیادکردنی شوێنی کار.

٣-**دهۆک**: زۆربەی زۆری دانیشتوانی ئەستانی دهۆك ساڵی ١٩٨٧ لەشارەکان دەژیان و ٧٤,٦% ی گشت دانیشتوانیان پێکدەهێنا، (١٩٦٥- ٣٥,٥%، ١٩٧٧- ٤١,٩%). هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەرکی شاری دهۆك، لە سەنتەری قەزاوە بۆ سەنتەری ئەستان و پەیدابوونی کارگەی گەورە (١٠ کرێکارو زیاتر) لەئەنجامی گەشەکردنی باری ئابووری و پەیدابوونی شوێنی کاری نوێ و روتێکردنی نەك تەنیا دانیشتوانی ئاوەدانیەکانی دەوروبەر و نێوخۆی خودی ئەستانکە خۆی، بەڵکو دانیشتوانی قەزای شەنگارو هەندێ شوێنی تریش.

٤-**سلێمانی**: رێژەی شارنشینی ساڵی ١٩٨٧ی زۆر لە رێژەی ئەستانەکانی تر کەمتر نەبوو- ٧١,٥%، (١٩٦٥- ٣٢,٠%، ١٩٧٧- ٤٧,٢%)، ئەم رێژە بەرزە دەگەڕێتەوە بۆ خڕبونەوەی ژمارەکی زۆر لەسەربازگە و کارمەندانی عێراقی، هەروەها کردنەوەی زانکۆ لە شاری سلێمانی، کە ساڵی ١٩٨٧ ژمارەی خوێندکارەکانی گەیشتە ٢،٤ هەزار کەس.

٥-**نەینەوا**: نزمترین پلەی شارنشینی لەباشووری کوردستان دا، لەساڵی ١٩٨٧دا لە ئەستانی نەینەوا بوو ٦٧,٦% (١٩٦٥- ٤٨,٣%، ١٩٧٧- ٥٤,٢%)، هۆیەکەی بەپلەی یەکەم، بۆ مانەوەی خەڵك لە شوێنەکانی خۆیان و کەمی کۆچکردن لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان دەگەڕێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی شارنشینی

باری ئابووری ولآت کە ڕبناغەکەی بەزۆری لەسەر کشتوکاڵ دامەزراوە، پاراستنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە کۆنەکان (تیرەگەریتی)، باری ئالۆزی رامیاری، نەبوونی پیشەسازی گەورەو قورس و نویّ، خراپی ریّگەوبان...هتد. ئەمانە هەموویان پیّکەوە، بەشیّوەیەکی تایبەتی رەنگیان لەپلەی شارنشینی دانیشتوانی باشووری کوردستاندا داوەتەوە. گرنگترین تایبەتمەندیەکانیش ئەمانەن:

١- خربونەوەی زۆربەی شارنشینەکان لە چەند شاریّکی گەورەدا، بۆ نموونـە لـە ساڵی ١٩٨٧دا نزیکەی ٦٪ی شارنشینەکان (١ملیۆن و ٩٨٨ هەزار کـەس) لـە پیّنج شار دەژیان، (موسڵ، هەولیّر، کەرکوك، سـلیّمانی و دهـۆك). هۆیـەکانی خربونەوە لەو شارانە دەگەریّتەە بۆ بوونی کارگە و پیـشەسازییە جۆراوجۆرەکـان، دەزگاکانی ئیـداری و فیّرکـردن، کاروبـاری بازرگـانی، هاتووچـۆ، گواسـتنەوەی گوندەکان، کار و هەندیّ هۆی کۆمەڵایەتی...

٢- جیاوازییەکی گەورە لەرووی ژمارەی دانیشتوانەوە، لەنیّوان یەکەمین شـارو دووەمین شاردا، لەساڵی ١٩٨٧دا هەبووە. ئەم جاوازیە گەشتە ٢١٨ هەزار کەس (١٩٧٧- ١٢٢ هەزار کەس).

٣- شارنـــشینی درۆ- لـــەڕووی هەڵـــسوکەوت و پەیوەنـــدی کۆمەڵایـــەتی شارنشینەکانەوە، واتە گوندیەکانی دویّنیّ کە کۆچیان بۆ شارەکان کـردووە، دوای ئەوەی لە شارەکان دامەزراون و دەژین، بەهیچ شیّوەەك نەگۆڕاون، بـەڵکو تـەنیّ جیّگەی ژیانیان گۆڕیوە.

٤- بەشیّکی زۆر لەدانیـشتووە چـالاکەکان لـەرووی ئابوریـەوە، بەشـیّوەیەکی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ، لەبواری کشتوکاڵدا کاردەکەن.

٥- پایتەختی باشووری کوردستان لە گەورەترین شارەکانی کوردستاندا نییە، بە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم. ژمارەی دانیشتوانی پایتەخت (هەولێر) لە ساڵی ١٩٨٧ دا نزیکەی ٤٤٦ هەزار کەس بوو، ژمارەی گەورەترین شاریش (موسڵ)- ٦٦٤ هەزار کەس بوو.

٦- هەڵاتنی دانیشتوانی شارەکان بۆ دەرەوەی شار و بۆ ماوەیەکی کورت، لەترسی ئازار و ئەشکەنجە. لە مانگی نیسانی ١٩٩١ زۆربەی دانشتوانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك، ڕویان لە ناوچە شاخاوییەکانی نزیك سنووری تورکیا و ئێران و سوریا کرد.

پۆلینکردنی شارەکان

پۆلینکرنی شارەکان لەباشووری کوردستاندا، بەدوو شێوە ئەنجام دەدەین: ژمارەی دانیشتوان (چەندایەتی) چالاکی دانیشتوان (چۆنایەتی)، کە هەریەکێ لەمانە، لە زانستی جوگرافیادا بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە.

یەکەم: پۆلینکردنی شارەکان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان

شارەکان- سەنتەری یەکە ئیداریەکان بەگوێڕەی ژمارەی دانیشتوانیان بەسەر نۆ دەستەدا دابەش دەکەین، (تابلی ٨).

تابلی ٨

پۆلێنکردنی شارەکانی باشووری کوردستان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان[۳]

دەستەی شار	۱۹۷۷			۱۹۸۷		
	ژمارەی شار	دانیشتوان هەزار	٪	ژمارەی شار	دانیشتوان هەزار	٪
۵۰۰ و زیاتر	-	-	-	۱	٦٦٤	۲۱,۳
۱۰۰-۵۰۰	٤	۱۱۰۷	٦۱,۸	٤	۱۳۲٤	٤۲,٦
۵۰-۱۰۰	۱	۵۷	۳,۲	٤	۲٦۵	۸,۵
۳۰-۵۰	۲	۷۰	۳,۹	۷	۲۸۱	۹,۰
۲۰-۳۰	٤	۹٤	۵,۳	٤	۱۰٤	۳,٤
۱۰-۲۰	٦	۸۸	٤,۹	۱٦	۲٤٦	۷,۹
۵-۱۰	۲۹	۲۱۹	۱۲,۲	۱۹	۱۳٦	٤,٤
۲-۵	۳٤	۱۰۹	٦,۱	۲۳	۸۳	۲,۷
لە۲ کەمتر	٤۹	٤۷	۲,٦	۱۵	۸	۰,۲
تێکڕا	۱۲۹	۱۷۹۱	۱۰۰,۰	۹۳	۳۱۱۱	۱۰۰,۰

بۆ ئەوەی بەتەواوی لە نەخشەی دابەشبوونی شارنشینەکان بگەین، ئەو شارانەی کە بە ژمارە لە یەکتریەوە نزیکن، کۆیان دەکەینەوە و لەژێر دەستێکی گەورەتردا پۆلینیان دەکەین.

١- **شار**: ئەم زاراوەیە بۆ ئەو ئاوەدانیانە بەکار دەهێنین، کە ژمارەی دانیشتوانیان لە ٢٠ هەزار کەس زیاترە. لە راستیدا هەر لەم ئاوەدانیانەدا وەك تێگەیشتنێکی تەواو بۆ شار دێتە بەر چاو. ئەمەش دەکرێ بەچەند بەردەستە:

أ- شاری زۆر گەورە (١٠٠ هەزار کەس و زیاتر)- لە باشووری کوردستاندا تەنیا پێنج ئاوەدانی لەم چەشنە هەیە (١٩٧٧- ٤ شار) واتە ٥,٤٪ ی گشت شارەکان، (١٩٧٧- ٣,١٪)، لەگەڵ ئەمەشدا نزیکەی ٦٤٪ ی شارنشینی تێدا دەژین (١٩٧٧- ٦٢٪). هۆیەکانی بریتیە لە خربونەوەی زۆربەی پیشەسازیە تازەکان و دوو لەسەر سێی دامودەزگا سەرەکیەکانی دەوڵەت و کاروباری ئیداری و زانکۆ و ئامۆژگا و خوێندنگەکان و بەشی تەندروستی و نەخۆشخانەکان و کڕین و فرۆشتن.........

لەناو ئەمانەدا موسڵ (١٩٦٥- ٢٦٤ هەزار کەس، ١٩٧٧- ٤٣٠ هەزار کەس، ١٩٨٧- ٦٦٤ هەزار کەس) گەورەترین شارە نەك هەر تەنیا لەدەستە نێو خۆییەکاندا، بەڵکو لەناو گشت شارەکانی باشووری کوردستاندا.

ب- شاری گەورە (١٠٠-٢٠ هەزار کەس)- بەژمارە زۆرترە لە یەکەم (١٩٧٧- ٧ شار، ١٩٨٧- ١٥ شار)، بە دانیشتوان زۆر گچکەترە لەیەکەم (١٩٧٧- ١٢,٤٪، ١٩٨٧- ٢٠,٩٪)، ئەم شارانە بەزۆری سەنتەری قەزاکانن، وەك ئەزانین پلەی پێشکەوتنی پیشەسازی و بازرگانی و خوێندن گەلێك لە چاو پلەی یەکەمدا نزمترە. لەهەمان کاتیشدا ژێرخانی ئابوریەکانیان لەو ئاستەدا نییە کە بتوانن کار بۆ گشت دانیشتوانی ئەو شوێنانە پەیدا بکەن، هەروەها

چالاکی زۆربەی زۆری ئەو شارە گەورانە لەسەر کشتوکاڵ دامەزراوە، بەتایبەتی (کشتوکاڵی بەرفراوان) کە پێویستی کەمی بە کرێکاران هەیە.

٢- شارۆچکە

باری ئابووری و کۆمەلایەتی و رامیاری لە ئاوەدانیەکانی کە ژمارەی دانیشتوانیان لە نێوان٢٠-٥ هەزار کەسە، لەچاو ئاوەدانیەکانی تردا گەلێك دواکەوتووە (٢٠ هەزار کەس و زیاتر)، لەبەر ئەوە بەڕاست دەرناچێ، ئەگەر بەهەمان زاراوەی (شار) ناویان بەرین. بۆیە ئێمە زاراوەی (شارۆچکە) بە شایانی ئەم ناوە دەزانین. وەك ئەوانەی پێشووتر، بەسەر دوو دەستەدا دابەشیان دەکەین:

أ- شارۆچکەی گەورە (٢٠-١٠ هەزار کەس)

ژمارەی شار و دانیشتوانی ئەم بەردەستەیە، هەمیشە لەزیادبوندایە. لەم شارۆچکانە جگە لە بەرێوەبردن گەلێ خزمەتگوزاری تر هەیە وەکو خوێندنگەی ناوەندی و سەرەتایی کچان و کوران و نەخۆشخانە و دوکانی فرۆشتنی شتومەکی هەمەچەشنە چاکردنەوەی ئۆتۆمبێل و ماکینەی تر، لەگەڵ ئەم کارە شارستانیەشدا هێشتا کشتوکاڵ بە بناغەی چالاکی دانیشتوان دادەنرێ، ئەمانە هەموویان بونەتە هۆی زیادبوون ژمارەی دانیشتوان.

ب- شارۆچکەی بچکۆلە (١٠- ٥ هەزار کەس)

ئەگەرچی ژمارەی شارۆچکەکان و دانیشتوانیان لەکەمبون دایە، لەگەڵ ئەمەدا یەك لەبەردەستە گەورەکان دادەنرێ بەو دیاردەیە. لەم شارۆچکانە مرۆڤ بۆی هەیە، پێویستیە سەرەکیەکانی ژیان لە خواردن و جل و بەرگ و هەندێ خزمەتگوزاری لە قوتابخانەو نەخۆشخانەو کارەبا و هەروەها شتومەکی دەستی دابین بکات.

٣- شارۆکە

ئاوەدانیەکانی ئەم جۆرە کە ژمارەی دانیشتوانیان لە ٥ هەزار کەس کـەمترە، بەشارۆکە ناویـان دەبـەین، چـونکە بـاری ئـابووری و کۆمـەلاٚتیان، زۆر لەگـەلٚ گوندەکانی دراوسێیاندا نزیکن. لەگەلٚ ئەوەشدا جۆرە جیاوازیەك لەنێوانیاندا دێتە پێش چاو. لەبەر ئەو هۆیە، وەك ئەو بەشانەی پێششوتر دابەشیان دەکەین بەسەر دوو بەردەستەدا:

أ- شارۆکەی گەورە: بـەگوێرەی ژمـارەی دانیـشتوان و ئـاوەدانی بەیـەك لـە گەورەترین بەردەستە دادەنرێت، لەگەلٚ ئەوەشدا کە ژمارەکەشی کەم بۆتەوە لـە ٣٤ بۆ ٢٣ لە نێوان ١٩٧٧- ١٩٨٧ دا، واتە ١١ دانە. ژمارەی دانیشتوانەکەی لە چاو ژمارەکە زۆر کەمە و لـە سـالٚی ١٩٨٧ دا لەدەوروبـەری ٣٪ (١٩٧٧- ٦,١٪) بوو. هۆکەشی، وەك لە شوێنی تردا باسکراوە، بۆ هەلٚوەشاندنەوەی چەند ناحیەیەك دەگرێتەوە.

ب- شارە دێ: بەکارهێنانی زاراوەی شارەدێ بۆ ئاوەدانیەکانی تیپی شار، کـە ژمارەیان لە دوو هەزار کەمترە، بەتـەواوی لەگـەلٚ چەشـنی چـالاکی ئـابووری، کشتوکالٚی، پەیوەندی کۆمەلاٚیەتی و خێلٚەکی دەگونجێ.

شارەدێ لەرووی ژمارەوە گەورەترین بەردەستەیە، بەلاٚم ژمارەی دانیشتوانی لە گشت بەردەسـتەکانی تـر کـەمترە. ئـەوەی سەرنجراکێـشە، کەمبوونـەوەی ئـەو ژمارانەیە لە ٤٩ بۆ ١٥ لە نێوان ١٩٧٧ و ١٩٨٧، واتە ٣٤ شارەدێ. لەهەمان کاتیشدا، ژمارەی دانیشتوانی لە ٤٧ هەزار کەسەوە بۆ ٨ هەزار کـەس هاتۆتـە خوارێ، واتە ٣٩ هەزار کەسی کەم کردووە. ئەوەش لە ئەنجامی هەلٚوەشاندنەوەی ئیداری چەند ناحیەیەکی وەکو بـارزان، تیلـەکۆ، رزگـاری، شـوان و چـۆلٚکردنی دانیشتوانی سەنتەری ناحیەکانی تری وەك دیبەگە، گەرمك، مزوری بالاٚ.

چالاکی ئابووری شارەدێکان بەهیچ جۆرێ جیاوازی لەگەڵ گوندەکانی دەوروپشتدا نییە، خۆ ئەگەر سیفەتی ئیداری لەبەر چاو نەگرین، ئەوا هیچ دیاردەیەك نامێنێ کە لە دراوسێکان جیایان بکاتەوە.

دووەم: پۆلینکردنی شارەکان بەگوێرەی ئەرك

شارەکانی باشووری کوردستان بەگوێرەی ئەرکەکانیان، یا بەگوێرەی جۆری خزمەتگوزاری و بەرهەمی پیشەسازی، یا بەگوێرەی چەشنی چالاکی ئابووری، لەبەر جیاوازی پەرەسەندنی مێژوویی و هەڵکەوتی جوگرافی و بارودۆخی ئابووری و رەوشی زانیاری و کۆمەڵایەتی لەیەکتر ناچن. بەلەبەر چاوگرتنی هەموو ئەم هۆیانە و ژمارەی دانیشتوان، دەتوانین شارەکان بە گوێرەی پۆلینکردنیان لەسەر بناغەی ئەرکەکانیان بەسەر چەند دەستەدا دابەش بکەین:

١- پایتەخت

پایتەختی باشووری کوردستان لە حوزەیرانی ١٩٩٢ پاش راگەیاندنی دەسەڵاتی فیدراڵی، شاری هەولێرە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و دەزگاکانی حوکومەت مەڵبەندی دامودەزگە جیهانییەکان، بارەگای هێزە رامیارییەکان، زانکۆ و پەیمانگە، نەخۆشخانەی گەورە، کاروباری بازرگانی و بانکەکان، سەنتەری هاتووچۆی نێوان شارەکانی تری کوردستان، هەمووی لەم شارەدا کۆبونەتەوە، کە ئەمانە پێکەوە بونەتە هۆی زیادکردنی دانیشتوانی شارەکە. (١٩٦٥- ٩١ هەزار کەس، ١٩٧٧- ١٩٤، ١٩٨٧- ٤٤٦، ١٩٩٤- ٩٥٠ هەزار کەس (خەمڵاندنی نووسەر). فراوانبوونی پانتاپی (١٩٩٤-٧٥٠ هەزار هێکتار (خەمڵاندنی نووسەر). چربوونی دانیشتوان (١٩٩٤- ٣٥٠ کەس لەیەك کچگ)، دروستکردنی گەرەکی نوێ و گورینی شێوەی دروستکردنی خانووبەرەکان لەو شێوە ئاساییەی جارانەوە بۆ خانووی بەرز و چەند قات ...هتد.

٢- شاری ئەرکی هەمەچەشنە

شارەکانی ئەم دەستەیە، لە شوێنە سەرەکیەکانی خڕبونەوەی پیشەسازی کۆن و نوێ، بازرگانی، بەیەکەگەیشتنی ڕێگاوبان، خوێندنی بەرز- زانکۆ، پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە بوونی گەلێ دامودەزگای گرنگ و سەرەکی حکومەت...تاد دیاری دەکرێ. موسڵ تاکە شارە کە ئەم هەموو سیفەتانەی تێدا خڕبوێتەوە، لەبەر ئەوە ژمارەی دانیشتوانیشی لە ژمارەی دانیشتوانی گشت شارەکانی باشووری کوردستان زیاترە. لە ساڵی ١٩٨٧ دا لە دەوروبەری ٦٦٤ هەزار کەسدا بوو (١٩٩٤- نزیکەی یەك ملیۆن کەس بوو. (خەملاندنی نووسەر).

٣- شاری خزمەتگوزاری

پلەی خزمەتگوزاری و قەلەمڕەوی چەشنەکانی لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر دەگۆڕێ. لەبەر ئەوە شارەکان بەگوێرەی خزمەتکردن بەسەر سێ بەردەستەدا دابەش دەکەین:

أ- شاری خزمەتکردن لەسەر ئاستی ئەستانەکان

سەنتەری ئەستانکان لەم بەشەدا بەگەورەترین شوێن دادەنرێت، لە چوارچێوەی ئەم بەشە ئیدارییانەدا، بۆ خزمەتکردن لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە، نەك هەر تەنیا بۆ سەنتەری شارەکە، بەڵکو بۆ گشت بەشە ئیداریەکانی تریش کە بەشێوەی ئیداری پێکەوە بەستراون. مرۆڤ دەتوانێ گشت پێداویستیەکانی ژیان لەخواردن و جل و بەرگ و ئامرازی و شتومەکی پیشەسازی و دەرمان و پێداویستیەکان تەندروستی و لەشساغی و خوێندن، گواستنەوە و هاتووچۆ، دەرهێنانی هەموو چەشنە دەکۆمێنتێکی پێویست بە مەبەستی بەکارهێنانی لەدەرەوە و ناوەوەی وڵات، لەسەنتەری ئەم ئەستانانەدا دەست بکەوێ، لەهەمان کاتیشدا، دەتوانێ بەرهەمی کشتوکاڵی و دەستکردە خۆماڵیەکانی خۆی بۆ فرۆشتن بخاتە بازارەوە. دهۆك بە گونجاوترین نموونەی ئەم بەردەستە شارە دادەنرێ.

ب- شاری خزمەتگوزاری لەسەر ئاستی قەزا

ئەم شارانە بەسەنتەری ئیداری و خوێندن و لەشساغی و بازرگانی و ڕێگەوبانی ناحیەکان و گشت ئاوەدانییەکانی تر دادەنرێ. دانیشتوانی ناحییەکان بۆ هەڵسورانی کاروباری ڕۆژانەیان و سودوەرگرتن لە خزمەتگوزاریەکان، هەموو ڕۆژ دەچنە سەنتەری قەزایەکان. لەباشووری کوردستاندا زیاتر لە ۳۰ شارۆچکە هەن، کە کارەکەیان برتییە لە پێشکەشکردنی خزمەت بۆ دانیشتوانی ناحییەکان. لەوانە: کۆیە، ڕواندز، زاخۆ، ئامێدی، هەڵەبجە، پێنجوێن، پشدەر، چوارتا، تەلەعفەر، حەمدانییە...هتد.

ج- شاری خزمەتگوزاری لەسەر ئاستی ناحیە

کاروباری ئیداری و خوێندنی سەرتایی و ناوەندی و نەخۆشخانە و پۆستە و بازار، لەسەنتەری ئەم ناحیانە مۆڵیانداوە. ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژ بەرۆژ، ژمارەیەك لە دانیشتوانی گوندەکانی ناحیەکە، بەمەبەستی سودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکان و بۆ بەرێوەچوونی کاروباری تایبەتی ڕۆژانەی خۆیان، زیاتر روو لە سەنتەری ناحیەکان بکەن. شارۆکەی خزمەتکردن لە باشووری کوردستاندا زۆرن: دیبەگە، شیروان مازن، دیانە، قەرەداغ، قادر کەرەم، زەرباتییە... تاد.

٤- شاری پیشەسازی

بەشێوەیەکی گشتی، باشووری کوردستان بە کانزای هەمە چەشنە گەلێك دەوڵەمەندە و هەندێکیشیان لە جیهاندا ناویان دەرکردووە. نەوت- ئەم کانزایە لە کۆنەوە لە قەزاکانی کفری و خانەقین دەردەهێنرێ و پاك دەکرێتەوە، بەلام دەرهێنانی نەوت بە شێوەیەکی ئابووری لە ساڵی ۱۹۲۷ دەستی پێکرد و لە ناوچەی بابەگوڕگوڕ لە دوای شوێنەکانی تر دۆزرایەوە. شارەکانی کەرکوك،

خانەقین، عەینزالە و هەندێ شوێنی تر، ئەورۆ سەنتەری پیشەسازی و نەوت دەرهێنانن.

٥- شاری سنووری

پەیوەندی باشووری کوردستان لە گەڵ وڵاتەکانی دەوروبەر و جیهاندا، بەشێوەیەکی فەرمی لە رێگەی چەند دەروازەیەکەوە بە ئەنجام دەدرێ، کە بەشێك لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە، بەبازرگانی و کاروباری ئابووری و چالاکی رێکخستنی هۆیەکانی هاتووچۆوە خەریکن. شارۆکەی برایم خەلیل، حاجی ئۆمەران، بەباشترین نموونەی ئەم چەشنە شارانە دادەنرێن.

٦- شاری هاوینە هەواری

گەلێ شوێن لە کوردستان، لەبەر سازگاری ئاووهەوای، جوانی سروشت، بە تایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکاندا، بۆیان هەیە ببنە شوێنی هاوینە هەوار. لەم ساڵانەی دواییدا، هەندێ شوێن لەو ناوچانە، بونەتە ناوچەیەکی گەشتوگوزاری و سەنتەرێك کە سەرنجی هەزاران خەڵکی بەلای خۆیدا راکێشاوە. دانیشتوان لە باشووری کوردستان و وڵاتانی دەرەوە، بزوتنەوەی توریزم، لە ساڵانی پر لە هێمنی و ئاسایشدا- داراییەکی زۆر گەورە بە خەزێنەی دەوڵەت دەبەخشن، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ کار لە گەشەکردنی ژیانی ئابووری ناوچە جیاجیاکان دەکا. لە شارۆکە هاوینە هەوارییە بەناوبانگەکانی ئەورۆی باشووری کوردستان: سۆلاڤ، سەلاحەدین، سەرچنار، شەقلاوە.

گوند

جگه له دانیشتوانی سەنتەری ئەستان و قەزا و ناحیەکان، هەموو دانیشتوانی ئەو ئاوەدانیانەی تری کوردستان دەگرێتەوە. دانیشتوانی ئەم گوندانە، لەساڵی ۱۹۸۷دا ڕێژەیان له دەوروبەری ۲۹٪ دا بوو (۱ملیۆن و ۲۷٦ هەزار کەس)، که ئەم ڕێژەیه له هەمان ساڵدا له عێراق ۳۰٪ بوو.

ژمارەی دانیشتوانی گوندنیشەکان، وەك ژمارەی دانیشتوانی شارنیشینەکان بەردەوام له زیادبووندان. بەڵام ڕێژەیان لەگشت دانیشتوان، لەنیو سەدەی دواییدا (۱۹۲۷- ۱۹۸۷) له ۹۲٪ەوە بووبه ۲۹٪، واته ٦۳٪ کەمیان کردووە. (تابلی ۷) ئەویش له ئەنجامی کاولکردنی کوردستان و گواستنەوەی گوندنشینەکان بۆ ئۆردوگای زۆرەملێ و خڕکردنەوەی دانیشتوانی ۳۸۳۹ گوند، لەو ئۆردوگایانەدا و کۆچکرنی هەندێکی تریان بۆ سەنتەری شار و شارۆچکەکان، کردنی هەندێ له گوندەکان به سەنتەری ناحیه، کارێکی گەلێك خراپی کرده سەر ڕێژه و ژمارەی دانیشتوانی گوندەکان.

ڕێژەی گوندنشینەکان له ئەستانەکان، لەساڵی ۱۹۸۷ دا لێك نزیك بوون. لەبەر پیادەکردنی سیاسەتی لەناوبردن و کۆکردنەوەی خەڵك له شارەکان و کەمبوونەوەی جیاوازی لەچەشنی چالاکی ئابووری، که ئێستا زۆربەی چالاکی شارستانییه، هەروەها کەمبوونەوەی ڕۆڵی فاکتەری سروشتی (گەرما، باران) و کۆمەڵایەتی (پێکەوه ژیان له ئاوەدانییەکاندا، بەبێ گوێدانه پەیوەندی خێڵەکی).

بەرزترین ڕێژەی گوندنشینەکان له ئەستانی سلێمانیدا بوو- ٤،۲۸٪ی گشت دانیشتوان (۱۹۷۷- ۸،۵۲٪)، لەدوایدا نەینەوا دێ ۲،۲۸٪ (۱۹۷۷- ۸،٤٥٪)، پاشان دهۆك- ٤،۲٥٪ (۱۹۷۷- ۱،٥۷٪) ئینجا کەرکوك- ٦،۲٤٪ (۱۹۷۷- ۹،۲۹٪)، لەدوای هەموویان هەولێر- ۲۲,٦٪ (۱۹۷۷- ۸،٤٦٪).

گوندەکانی باشووری کوردستان لەڕووی ئەرکەوە، بەسەر سێ دەستەدا دابەش دەکەین:

١- گوندی کشتوکاڵی: دانیشتوانی ئەم جۆرە گوندانە، بەکشتوکاڵکردنەوە خەریکن، زۆربەی زەوی ئەم گوندانە بۆ چاندن و بەرهەمهێنانی بەروبومی کێلگەیی وەکو دانەوێڵە (گەنم و جۆ) و پیشەسازی (توتن، لۆکە، چەوەندەر) و ئالیکی (سێپەر و وێنجە) بەکار دەهێنرێ و خۆیان بە بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتەوە خەریك دەکەن.

٢- گوندی ناکشتوکاڵی: دانیشتوانی ئەم جۆرە گوندانە بەپلەی یەکەم بە ئەرك و ئیشوکاری کڕین و فرۆشتن، هێنان وبردن، چەك هەڵگرتن، پاسەوانیەوە خەریکن وژمارەیان زۆر نییە.

٣- گوندی تێکەڵاو: بەرهەمهێنانی بەروبومی کشتوکاڵی جۆراوجۆر کڕین و فرۆشتن، هێنان و بردن، چەك هەڵگرتن، پاسەوانی، لەئەرکە سەرەکیەکانی دانیشتوانی ئەم گوندانەن. هەروەها زۆربەی سەنتەری ناحیەکان، بۆیان هەیە لەگەڵ ئەم گروپەدا دابنرێن.

لەبەر ئەوەی سەرچاوە فەرمیەکان، زانیاری جۆراوجۆر دەدەن، ژمارەی تەواوی گوندەکان لەبەر دەستدا نییە، بەگوێرەی ئەنجامی کۆتای سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧، ژمارەی گوندەکان (شوێنی ژیان) لە باشووری کوردستاندا ٤٩٠٠ گوند بوو (١٩٥٧- ٥٨٠٠) واتە ٣٨٠ گوند بەرامبەر یەك شار (١٩٥٧-٤٥ گوند).

ژمارەی گوند لە ١٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەدا لە باشووری کوردستان ساڵی ١٩٧٧، لە دەوروبەری ٥،٦ گوند بوو، (١٩٥٧- ٧،٧ گوند). ئەم ژمارەیەلە شوێنە بەپیزەکان و ئاودارەکان، وەك دەشتی شارەزوور، نزیکەی دوو جار لە دەشتاییەکانی کە سەرچاوەی ئاویان لەسەر باران راوەستاوە، کەمێك کەمترە، لە ناوچە شاخاوییەکاندا نیو ئەوەندیە، ئەویش لەبەر کەمی زەوی بۆ کشتوکاڵ.

ناوەندی ژمارەی دانیشتوان لەیەك گوند لە ساڵی ١٩٧٧ دا. نزیکەی ٢٠٠ کەس بوو (١٩٥٧- ٧١ کەس). جیاوازی نێوان گەورەترین و گچکەترین گوند

چەند سەد کەسێکە. گوندەکان لەرووی ژمارەی دانیشتوانەوە، بەسەر چوار دەستەدا دابەش دەکەین:

١- گوندی گەورە (١٠٠٠ کەس و زیاتر)، بە ژمارە زۆر نییە، بەڵام ڕێژەی دانیشتوانیان لەگشت دانیشتوانی گوندەکانی دیکە (١٣٪) زیاترە، ئەم گوندانە بەزۆری لەسەر زەوی بە پیت و ئاوی زۆر هەڵکەوتوون.

٢- گوندی ناوەندی (٥٠٠- ١٠٠٠) کەس. ژمارەیان سێ جار لەژمارەی بەشی یەکەم زیاترە، ژمارەی دانیشتوانیشی نزیکەی ٣٤٪ ی گشت دانیشتوانی گوندەکانی تر دەبێت، ئەم گوندانە لە زۆر ناوچەکانی باشووی کوردستاندا هەن.

٣- گوندی گچکە (٥٠-٥٠٠) کەس، زۆربەی گوندەکانی باشووری کوردستان سەر بەم دەستەیەن، بەڵام ژمارەی دانیشتوانیان لە ٢٣٪ زیاتر نابێ و زۆربەی ئەم گوندانە لە زەوییەکی بێ پیت و بێ ئاودا هەڵکەوتوون.

٤- کوێرە گوند (٥٠- کەس و کەمتر) ئەم جۆرە گوندانە، بەزۆری دەکەونە نێوچە شاخاویەکانەوە، بەتایبەتی شوێنە بێ ئاوەکان و ئەو زەوییانەی بە کەڵکی کشتوکاڵ نایەن و چەپەرن.

لەئەنجامی چەند فاکتەرێکی وەکو، هۆی سروشتی و مێژوویی، ترادیسیۆنی نەتەوەیی، فاکتەری ئابووری و کۆمەڵایەتی، باری نەتەوەیی و ڕەوشی ڕامیاری و جەنگ، شێوەی گوندەکان، لە باشووری کوردستاندا هەمە چەشنەن. گرنگترین شێوەی ئەو گوندانە ئەمانەن:

١- گوندی هەرمێیی

ئەم جۆرە لە نێوچە شاخاوییەکاندا زۆر بڵاوە. ڕیزی یەکەم لەناو دۆڵەکە دروست دەکرێ، لەسەرووییەوە ڕیزێکی تر و لەدوای ئەویەوە ڕیزێکی تر دێ. بەم شێوەیە گوندەکان بەقەد پاڵی شاخەکانەوە بەرز دەبنەوە، کەلە هەندێ نێوچەدا بەرزاییان

تا ٥٠٠ مەتر دەروا و ریزەکان بەرەبەرە تەسك دەبنەوە، تا وای لیٚ دیٚ ژمارەی خانووەکانی دوا ریٚز، لەدوو یا سیٚ خانووو تیٚپەرِ ناکا. لەزۆر شویٚنیش سەربانی ریزی پیٚشەوەی ماڵەکان دەبنە حەوشە و رِیٚگەی هاتووچۆ بۆ ریزی سەرەوەی خۆی. خەڵك خانووەکانیان بەم شیٚوەیە دروست دەکەن، بۆ ئەوەی دەست بە زەویەکانیانەوە بگرن و بۆ چاندن و کشتوکاڵ بە کاری بهیٚنن و تا بە کەمترین ماندوبوون بگەنە سەر سەرچاوەکانی ئاو و خۆ لە سەرمای زستان بپاریٚزن، چونکە دۆڵەکان کەمتر با دەیانگریٚتەوە.

٢- گوندی هۆبەیی

ئەوە هەموو ئەو گوندانەن کە لە کۆمەڵە ماڵی کەمیٚك لەیەك دوورەوە پیٚکهاتوون. دانیشتوانی ئەو گوندانە بە ژمارەی خیٚزان گەورەن (یەك بەرەباب). ماڵی گەورەکەیان زیاتر لە ناوەراستدا هەڵدەکەویٚ.

٣- گوندی رشتی

لەو جۆرە گوندانە، بە شیٚوەی گەرەك گەرەك پیٚك هاتووە، پەیوەندی خزمایەتیان کەمە. ئامانجیان لەم شیٚوە دروستکردنەدا، هاوبەشیکردنە لە پاراستن و سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی ئاو، وەکو کانی، بیری دەستی و بیری ئیرتیوازی.

٤- گوندی پەرشوبڵاو

ئەمە هەموو ئەو جۆرە گوندانە دەگریٚتەوە، کە هیچ پەیوەندیەکی خزمایەتی دانیشتوانی گوندەکان پیٚکەوە نابەستیٚ. دانیششتوانی ئەم جۆرە گوندانە، بەشیٚوەیەکی گشتی شویٚنیٚکی دیاریکراویان لەنیٚو گوندەکاندا بۆ بەیەکگەیشتن نییە، جگە لە مزگەوت.

٥- گوندی لاکێشەیی

تازەترین شێوەی گوندە. خانووەکان لەمبەرو ئەوبەری شەقامەکان دروست دەکرێن. ئەم چەشنە تەنیا لە نێوچە دەشتاییەکان نابینرێ، بەڵکو لە نێوچە شاخاوییەکانیشدا هەیە، بەڵام لەو نێوچانەدا، لەرۆخی چەم و رووبارەکاندا دروست دەکرێن.

٦- گوندی شەترەنجی

پەیدابوونی ئەم شێوە نوێیە بۆ ساڵەکانی حەفتا دەگەڕێتەوە. ئەم جۆرە گوندانە، لەسەرەتاوە بۆ دانیشتوانی گوندە راگوێزراوەکانی سەر سنوورەکان دروستکران، خانووەکانی بە شێوەیەکی ئەندازیاری، بەرامبەر بەیەکتری دروستکراون و شەقامەکانیشیان بەناودا تێپەر دەبێ، ئامانجی سەرەکی لەو دامەزراندنە، کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتی خەڵکی و رێگەگرتن لە چالاکیەکانی پێشمەرگە لەناو جەماوەر، هەر بۆیەش لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا، بە (ئۆردوگای زۆرەملێ) ناوی دەرکردووە.

سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

١-عەبدللا غەفور، تایبەتمەندیەکانی جێنشینی شاروگوند لەعێراق، نامەی دکتۆرا، مۆسکۆ،١٩٨٠ (بەزمانی رووسی).

٢- نووسەر لەم سەرچاوانەی تاوتوێ کردووە:

- المملكة العراقية، مديريةالنفوس العامة، نتائج التعدادالعام للسكان لسنة ١٩٤٧، الجزء الاول والثاني، بغداد، ١٩٥٤، صفحات عديدة.

-الجمهورة العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل العام ١٩٥٧: لوائي ديالي وكوت، مطبعة العاني- بغداد، ١٩٦١.لوائي السليمانية و كركوك، مطبعة العاني- بغداد، ١٩٦١.لوائي الموصل و اربيل، مطبعة الارشاد– بغداد، ١٩٦١.

- الجمهورية العراقية، وزراة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء- بغداد، ١٩٧٣.

- الجمهورية العراقية، وزراة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، لمحافظة اربيل، دهوك، السليمانية، ديالى، صلاح الدين، كركوك، نينوى، واسط، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء- بغداد، ١٩٧٨.

- الجمهورية العراقية، وزراة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، لمحافظة اربيل، دهوك، السليمانية، ديالى، صلاح الدين، كركوك، نينوى، واسط، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء- بغداد، ١٩٨٨.

٣- نووسەر لەم سەرچاوانەی تاوتوێ کردووە:

- المملكة العراقية، مديرية النفوس العامة، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٤٧، الجزء الاول والثاني، بغداد، ١٩٥٤، صفحات عديدة.

- الجمهورية العراقية، وزاة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتجيل عام ١٩٥٧: لوائي ديالي و الكوت، مطبعة العاني- بغداد، ١٩٦١. لوائي

السليمانية و كركوك، مطبعة العاني- بغداد، ١٩٦١. لوائى الموصل و اربيل، مطبعة الارشاد- بغداد، ١٩٦١.
- الجمهورية العراقية، وزراة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، مطبعة الجهاز المركزى للاحصاء- بغداد،١٩٧٣.
- الجمهورية العراقية، وزراة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، لمحافظة اربيل، دهوك، السليمانية، ديالى، صلاح الدين، كركوك، نينوى، واسط، مطبعة الجهاز المركزى للاحصاء- بغداد، ١٩٧٨.
- الجمهورية العراقية، وزراة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء، مديرية الاحصاء السكانى، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، لمحافظة اربيل، دهوك، السليمانية، ديالى، صلاح الدين، كركوك، نينوى، واسط، مطبعة الجهاز المركزى للاحصاء- بغداد، ١٩٨٨.

سەرباری ئاماری

سەرباری ۱

دانیشتوانی باشووری کوردستان بەگوێرەی زمانی دایك -۱۹۵۷ *

ئەستان	دانیشتوان	زمان				
		کورد	عارەب	تورکمان	سریانی	نەزاندراو
هەولێر	۲۷۳۳۸۳	۲٤۳۳۳٥	۱۷۹۱٥	٦۸۷۳	٤٦۸۹	٥۷۱
خانەقین	۱۹۰۲۲۸	۱۲۹۳٥٦	٤٥٦٥٥	۱۳۳۱٦	-	۱۹۰۱
سلێمانی	۳۰٤۸۹٥	۲۹۹۹۳٦	۳۲۸٥	۳٦٦	۳۳۸	۹۷۰
کەرکوك	۳۸۸۸۳۹	۱۸۷٥۹۳	۱۰۹٦۲۰	۸۳۳۷۱	۱٦۰[illegible]	٦٦٥۰
موسڵ	٦٤۸۳۰۹	۱٤۱۲۰٦	٤٥۱۸٥۰	٦۸۷۳	٤٦۱۷٥	۲۲۰٥
هی دیکە	۱٦۷۳٦	۷٤٦	۱٤۷۳٤	۳٤۷	۳٥	۸۷٤
تێکرا	۱۸۲۲۳۹۰	۱۰۰۲۱۷۲	٦٤۳۰٥۹	۱۱۱۱٤٦	٥۲۸٤۲	۱۳۱۷۱

* نووسەر لەم سەرچاوانەی تاوتوێ کردووە:

- الجمهورة العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ۱۹۵۷، لوائى ديالى وكوت، لوائى السليمانية وكركوك، لـوائى الموصل واربيـل، مطبعـة العـانى- بغـداد، ۱۹٦۱.
- عەبدوڵلا غەفور، ئارستۆڤە ت. ف، باری ئەتنۆ- دیمۆگرافی باشووری کوردستان، گۆڤاری (رەگـەز و میللەتان)، مۆسکۆ، ۱۹۸۹، ژمارە- ۱۹.

سەرباری ٢

دانیشتوانی کوردستان بە گوێرەی زمانی دایك- ١٩٦٥ *

ئەستان قەزا ناحیە	ژمارەی دانیشتوان	زمان			
		کوردی	عارەبی	تورکمانی	هیتر
دهۆك	**١٤٥٨٤٣**	**١١٤٩٣٥**	**١٥٢٥٠**	**١٧٢٩**	**١٣٩٢٠**
سەنتەر	١٧٦٤٦	١٣٧٧٤	١٠١٣	١٧	٢٨٤٢
سیمێل	١٢٨٤٥	٧٠٦١	٣٣٠١	١٤٠٧	١٠٧٦
دۆسکی	٢٧٣١	١٦٥٦	١٠٧	-	٩٦٨
زاوێتە	٣٥٨٠	٢٧١٢	٧٢٩	٦	١٣٣
مزوری	٣٥٦	٢٥٢	١٠٢	-	٢
ئامێدی					
سەنتەر	٣٣١٠	٢٠٠٢	٨٤٨	١١	٤٤٩
سەرسەنگ	٤٢٦٤	١٧٤٤	١٨٥٩	٣٢	٦٢٩
نێروە و رێکان	١١٧٧٣	١١٣٦٥	٤٠	١	٣٦٧
بەرواری بالاّ	١٦٣٨٤	١٥٥٢٥	١٧٣	-	٦٨٦
زاخۆ					
سەنتەر	١٤٦٤٧	١١١٧٣	١٨٩٨	٢٣٥	١٣٤٢
سلێڤانی	٨٣٧٣	٤٤٣٢	١٤٤٦	٩	٢٤٨٦

---

* شاکر خصباك (الدکتور)، العراق الشمالی، دراسة لنواحیه الطبیعیة والبشریة، مطبعة شفیق. بغداد، ١٩٧٣، ص١٢٦- ١٣٨. زۆربەی ژمارەکان لەلایەن (عەبدوڵلا غەفور) راستکراوەتەوە.

تێبینی: سەرچاوەکە پڕیەتی لە هەڵە، لەبەر ئەمە ناچاربووم ژمارەکان بە دەسکاریەوە وەربگرم لەبەر نەبوونی سەرچاوەی تر.

سندی	١٥١٨	١٤٤٧	١٨	-	٥٣
گولی	٨٥١١	٤٥٤٢	١٤٦٣	٩	٢٤٩٧
ئاکرێ					
سەنتەر	١٠١٦٣	٨٤٤٤	١٥٤٢	٢	١٧٥
سورچی	١٠٧٧١	١٠٧١٣	٤١	-	١٧
عەشایەر سەبعە	١٧٤٢٤	١٧٠٦٤	١٩٤	-	١٦٦
نەهلە	١٥٣٩	١٠٢٩	٤٧٧	-	٣٣
هەولێر	**٣٥٦٢٩٣**	**٣٠٣٣٧٧**	**٤٦٩١٥**	**١٥٣٧**	**٤٤٦٤**
سەنتەر	٩٠٩٥٦	٨٣٠٩٤	٤٢١٣	١٤٨٧	٢١٥٢
عەنکاوە	٢٦١٢٢	٢١٩١٣	٤٠٥٣	١٣	١٤٣
قوشتەپە	٢٠٦٨٣	١٩٠٣٢	١٦٢٨	٦	١٧
شەقلاوە					
سەنتەر	٨٧٨٩	٧٥٠٢	١٢٤٢	١	٤٤
هەریر	١٣٦٦٠	١٣٥٥٨	٢٤	-	٧٨
خۆشناو	١١٨٢٣	١١٧٣٨	٢٤	-	٦١
سەلاحەدین	١٤١٣١	١١٥٦٣	٢٥٤٠	٨	٢٠
زێبار					
سەنتەر	٥٨٦٥	٥٨٢٤	٤١	-	-
بارزان	٤٠٩٧	٤٠٨٣	١٤	-	-
مزوری بالا	١٠٢٢٦	٩٦٦٦	٥٦٠	-	-
رواندز					
سەنتەر	١٨٩٥٢	١٥٧٠٥	٢٨٦٤	٥	٣٨٧
باڵەك	١٥٥٤٧	١٢٠٠٦	٣٤٨٧	١١	٤٣
برادۆست	٥٩٤٠	٥٩١٣	٢٧	-	-

دیانا	٩٦٣٩	٧١٨٤	١٧٦٤	٢	٦٨٩
مەخمور					
سەنتەر	٧٣١٨	٤٢٧٧	٣٠٣٩	٢	–
گویڕ	١٨٥٢٤	١٢١٠٨	٦٣٧٤	–	٤٢
کەندیناوە	١٨٨٧٤	١٤٧٢٩	٣٥١٨	–	٦٢٧
قەراج	٩٩٣٦	٥١٢١	٤٨١٠	–	٥
کۆیە					
سەنتەر	٢٩١٥٥	٢٥٢٠٣	٣٨١٨	١	١٣٣
تەقتەق	١٦٠١٦	١٣١٥٨	٢٨٧٥	١	٣٢
کەرکوک	**٤٧٣٦٢٦**	**١٧٠٩٠٥**	**١٨٤٥٣٥**	**٤٩٢٣٩**	**٦٨٩٤٧**
سەنتەر	١٨٣٩٨١	٧٠٨١٩	٤٠٥٨١	١٠٣١٦	٦٢٢٦٥
تازەخورماتو	١٥٠٠٦	٢٢٤٤	٦٠١٧	٦٤٩٩	٢٤٦
شوان	١٥٢٧٩	٤٠٤٦	٦٧٤٥	٤٣١٨	١٧٠
ئاڵتون کۆپری	١٥٣٣٨	٣٩٤٤	٥٥١٨	٤٣٦٦	١٥١٠
قەرەحەسەن	١٦٣٦٠	٨٩٦٨	٥٧٩٩	١٠٨١	٥١٢
دووبز	٢٠٤٤٩	٢٧٥٩	١٦٩١٠	٩٨	٦٨٢
توزخورماتوو					
سەنتەر	٣٨٢٣٤	٦٦٥٠	١٥٧٥٤	١٥٤٩٧	٣٣٣
قادرکەرەم	١٥٩٧٧	٨٠٩٨	٧٢٠٧	٥٣١	١٤١
داقوق	١٨٩١٩	٨٨٩٣	٧٢٠٦	٢١٣٣	٦٨٧
چەمچەماڵ					
سەنتەر	٢١٢٣٢	١٠٣٩٧	١٠٧٢٤	٢٦	٨٥
ئاغجەلەر	١٤٠٣٤	١٣٧١٨	٢٤٤	٣	٦٩
سەنگاو	١٧٥١	١٧٥١	–	–	–
حەویجە					

سەنتەر	٢٨٣٣	٥٩٦	٢٠٦٢	٦٨	١٠٧
حەویجە	١٨٤٩١	٤٠٩	١٧٨٥٦	-	٢٢٦
ریاز	١٧٣٠٨	٤٣٠	١٦٧٤٦	٢٨	١٠٤
کفری					
سەنتەر	٨٢٦٧	٥٣١٣	٧٢٢	١٤٥٣	٧٧٩
پێواز	٧٦٤٥	٤٥٤٤	٢٦٤٢	٢	٤٥٧
شێروانە	٢٣١١٣	١٢٨٠٥	٩٤٢٣	٧٢٠	١٦٥
قەرەتەپە	١٩٤٠٩	٤٥٢٢	١٢٣٧٩	٢١٠٠	٤٠٩
موسڵ	**٦٢٦٤٥٩**	**١٧٤٨٢٧**	**٣٨٤٥٤٦**	**٣٦٤١٠**	**٣٠٦٧٥**
سەنتەر	٢٦٤١٤٦	٤٠٢٣٢	٢١٣١٧٥	١٤٤٧	٩٢٩٢
حەمدانییە	٤٣٣٩٠	٤٣٤٢	٣١٨١٤	٧٢	٧١٦٢
تلکێف	٣١٠٣١	١٠٣٤	٢٣٨٢٨	٢٧	٦١٤٢
بەعشیقە	٢٤٧٧٣	٤٨٩١	١٨١١٢	-	١٧٧٠
حومیدات	٢٥٢٢٢	١٠٠	٢٤٩٩٧	-	١٢٥
زاب	١٣٥١٨	١٧٠	١٣٢٥٥	-	٩٣
تەلەعفەر					
سەنتەر	٣٦٩٩٨	٨٩٧	٩٨٨٨	٢٥٥٠٥	٧٠٨
زومار	٣٢٣١٨	١٣٧٢٦	١٨٣٦١	٨	٢٢٣
عەیازیە	٢٠٤٨٠	٢٣٤٤	١٢٧٩٣	٤١٣٦	١٢٠٧
رەبیعە	١٥٤٥٣	١٠١٩	١٤٣٤٧	٢٨	٥٩
شێخان					
سەنتەر	٢٣٠٢٥	١٧٥١٩	٣١٩١	٤٤٨	١٨٦٧
ئەلقوش	١٥٨١٧	٩٦٤٨	٤٤٧٥	١٥	١٦٧٩
شەنگار					
سەنتەر	٧٩٨٤	٤٥٩٣	٣٣٠٣	٤٩	٣٩

شەنگار	٤٤٢٢٣	٢٥٥١٣	١٣٩٧٩	٤٥٤٦	١٨٥
شیمال	٢٨٠٨٠	٢٣٩٠٣	٣٩٢٥	١٢٩	١٢٤
سلێمانی	**٣٩٩٧٦٨**	**٣٤٥٢٩٩**	**٥٢٥٩١**	**٤٩٤**	**١٣٨٤**
سەنتەر	١٦٠٦٤٧	-	-	-	-
هەڵەبجە	٧٦٠٨٦	-	-	-	-
پێنجوین	٢٤٧٣٢	-	-	-	-
شارباژێڕ	٤٨٣٠٣	-	-	-	-
پشدەر	٤٣٠٦٣	-	-	-	-
رانیە	٤٦٩٣٧	-	-	-	-
خانەقین					
سەنتەر	٣٩٣١٦	٢٨٦٢٦	٧٠٤٣	١٦٩٩	١٩٤٨
مەیدان	٢٨١٨	٢٠٥٥	٧٣٩	-	٢٤
قۆرەتوو	٩١٢٩	١٥٥١	٥٢٠	-	٥٨
سەعدیە	١٢٥٩٩	٢٥٦٠	٨٤٤٧	١١٠١	٤٩١
جەلەولا	٢٢٢٠٨	٤٩٤٣	٣٤١٨	-	١٣٨٤٧
مەندەلی					
سەنتەر	٣٢٢٨٣	٩٥٧٩	٢١٢٣٥	٦٤٦	٨٢٣
بەلەدروز	٢١٦٠٩	-	-	-	-
قەزانیە	١٩٥٦	-	-	-	-
بەدرە					
سەنتەر	٥٩٦٦	-	-	-	-
زورباتیە	٣٨٨٥	-	-	-	-
جەسان	٥٢٩٥	-	-	-	-

سەرباری ٣

پێکهاتنی نەتەوەیی دانیشتوان لە ئەستانەکانی باشووری کوردستاندا- ١٩٧٧*

ئەستان	ژمارەی دانیشتوان	نەتەوە					
		کورد	عارەب	تورکمان	سریان	ئەرمەن	نەزانراو
هەولێر	٥٤١٠٨٦	٤٦٥١٢٢	٥٦٠٢٥	٨٨٨٥	٩٣٢٤	١١٤	١٦١٦
٪	١٠٠,٠	٨٦,٠	١٠,٤	١,٦	١,٧	-	٠,٣
دهۆك	٢٥٠٢٨٣	١٩٠١٦١	٤٦٢٩٦	٥٠٥	١١٧٠٥	٨٨١	٧٣٦
٪	١٠٠,٠	٧٦,٠	١٨,٥	٠,٢	٤,٦	٠,٤	٠,٣
خانەقین	٢٨٤٧٥٨	٧٢٨٩٨	١٩٢٧٨١	١٧٣٧٠	٢٥٢	٢٣	١٤٣٤
٪	١٠٠,٠	٢٥,٦	٦٧,٧	٦,١	-	-	٠,٥
سلێمانی	٦٨٩١١٩	٦٤٧٣٤١	٣٧٧٢٢	٨٧٠	٤٥٦	٥٧	٢٦٧٣
٪	١٠٠,٠	٩٣,٩	٥,٥	٠,١	-	-	٠,٤
کەرکوك	٤٩٢٦١٥	١٨٥٢٦٣	٢١٨٧٥٥	٨٠٣٤٧	٤٠٥٠	٥٨١	٣٦١٩
٪	١٠٠,٠	٣٧,٦	٤٤,٤	١٦,٣	٠,٨	٠,١	٠,٧
نەینەوا	٩٤٢٥٣٦	١٢٥٣٥٧	٨٠٤٨١٦	٨٤٨٣	٩٤٢	١١١	٢٨٢٧
٪	١٠٠,٠	١٣,٣	٨٥,٤	٠,٩	٠,١	-	٠,٣
هی دیکە	٩٠٦١١	٢١٤	٨٨٢٥٥	١٨١	-	-	٨١
٪	١٠٠,٠	٢,٣	٩٧,٤	٠,٢	-	-	٠,١
تێکرا	٣٢٩١٠٠٨	١٦٨٨٢٢٦	١٤٤٤٦٤٩	١١٦٦٤١	٢٦٧٢٩	١٧٦٧	١٢٩٩٦
٪	١٠٠,٠	٥١,٣	٤٣,٩	٣,٥	٠,٨	٠,١	٠,٤

* فەیسەڵ دەباغ، کوردو کەمە نەتەوایەتیەکانی تر لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧، بەشی یەکەم، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ١٩٧٧، ل ١٥-١٨.

تێبینی: سەرجەمی دانیشتوان لەم تابلیە ١٢٣٠٢ کەس کەمترە لەو ژمارەیەی لە (نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧) بڵاوکراوەتەوە.

سەربارى ٤

پێکهاتنی نەتەوەیی دانیشتوان لە قەزایەکانی باشووری کوردستاندا- ١٩٧٧ *

قەزا	نەتەوە						
	کورد	عارەب	تورکمان	ئەرمەن	سریان	هیدیکە	سەرجەم
هەولێر							
سەنتەر	٨٧,٩٠	٦,١٠	٣,١٧	٠,٠٣	٢,٤٣	٠,٣٧	١٠٠,٠
چۆمان	٧٤,٥٠	٢٤,٨٣	٠,٣٥	–	٠,١٧	٠,١٥	١٠٠,٠
رواندز	٨٣,٩٠	١٤,٨٢	٠,٢٠	٠,٠٣	٠,٩٣	٠,١٢	١٠٠,٠
زێبار	٨٠,٢٨	١٨,٨٨	٠,٢١	–	٠,٤٠	٠,٢٣	١٠٠,٠
شەقلاوە	٩٢,١١	٤,١٩	٠,٠٧	٠,٠٣	٣,٥٢	٠,٠٨	١٠٠,٠
کۆیە	٩٨,٦٣	١,١١	٠,٠٢	–	٠,١٤	٠,١٠	١٠٠,٠
مەخمور	٦٩,٥٠	٢٩,٨٦	٠,٤٠	–	٠,٠٢	٠,٢٢	١٠٠,٠
دهۆک							
سەنتەر	٧٥,٣٧	١٨,٣٧	٠,٢٧	٠,١٤	٥,٤٥	٠,٤٠	١٠٠,٠
ئامێدی	٨٤,٢٨	٨,٤٩	٠,١٢	٠,٠١	٦,٩٣	٠,١٧	١٠٠,٠
زاخۆ	٦٨,٥٩	٢٨,٥٨	٠,١٩	٠,٩٩	١,٣٨	٠,٢٧	١٠٠,٠
سلێمانی							
سەنتەر	٩٣,٨١	٥,٣٣	٠,١٨	٠,٠٢	٠,١٦	٠,٤٤	١٠٠,٠
پشدەر	٩٩,٥٧	٠,٢٦	–	–	–	٠,١٧	١٠٠,٠
پێنجوێن	٩٣,٨٨	٥,٧٧	٠,٠٣	–	–	٠,٣٢	١٠٠,٠
چەمچەماڵ	٩٤,٧٠	١,٩٠	٠,٠٤	–	–	٠,٣٦	١٠٠,٠
دەربەندیخان	٩١,٤	٧,٦	٠,١٥	–	٠,٢١	٠,٦٤	١٠٠,٠
دوکان	٩٣,٠١	٦,٧	٠,١٣	–	٠,٠٣	٠,١١	١٠٠,٠

* هەمان سەرچاوە، ل ٢٦-٣١.

رانیه	٩٧,٠٠	٢,٧٥	٠,٠٤	٠,٠١	٠,٠١	٠,١٩	١٠٠,٠
شاربازێر	٩٠,٥١	٨,٧٩	٠,١٨	–	–	٠,٥٢	١٠٠,٠
کەلار	٨٥,٣١	١٤,١٥	٠,٢٤	–	–	٠,٣٠	١٠٠,٠
هەڵەبجە	٩٤,٧٢	٤,٧٠	٠,٠٩	–	–	٠,٤٨	١٠٠,٠
کەرکوک							
سەنتەر	٤٠,٥٩	٣٨,٤٦	١٩,٠٤	٠,١٤	٠,٩٨	٠,٧٩	١٠٠,٠
حەویجە	٣,٩٧	٩٥,٠٣	٠,٨٠	–	–	٠,٢٠	١٠٠,٠
دوویز	٥٢,٢٢	٣٧,٨٩	٨,٥٩	٠,٠٣	٠,٣٢	٠,٩٥	١٠٠,٠
نەینەوا							
سەنتەر	١٠,٠٨	٨٨,٣٨	١,١٠	٠,٠٢	٠,٠٧	٠,٣٥	١٠٠,٠
ئاکرێ	٩١,٠٩	٧,٩٩	٠,٠٦	٠,٠١	–	٠,٩٣	١٠٠,٠
تەلەعفەر	٣,٢١	٩٥,٥٤	١,٠٢	–	–	٠,٢٣	١٠٠,٠
تلکێف	١,٩٧	٩٥,٨١	٠,٤٩	–	١,٣٨	٠,٣٥	١٠٠,٠
حەمدانیە	٣,٧٩	٩٢,٩٧	٣,١١	–	–	٠,١٣	١٠٠,٠
شەنگار	٣٢،٦	٠٥،٩٣	٤٢،٠	–	٠١،٠	١٩،٠	١٠٠,٠
شێخان	٣٦,٩٧	٦٢,١٠	٠,٢١	–	–	٠,٧٢	١٠٠,٠
خانەقین	٢٧,٢٨	٦٧,٨٦	٤,٠٥	٠٣،٠	٠,٠٣	٠,٧٥	١٠٠,٠
کفری	٥١,٥٤	٤١,٨٩	٥,٧١	٠,٠١	٠,٠١	٨٤،٠	١٠٠,٠
مقدادیە	٤,١١	٩٥,٣٠	٠,٣٢	٠,٠٣	٠,٠٣	٠,٢١	١٠٠,٠
مەندەلی	١,٤١	٩٨,٤١	٠,٠٦	–	٠,٠٣	٠,١٢	١٠٠,٠
بەدرە	٠,٣٧	٩٩,٥٤	–	–	–	٠,٠٩	١٠٠,٠
توزخورماتو	٥٤,٢٨	٣٥,٣٥	١٨,٤٣	٠,٠١	–	٠,٩٣	١٠٠,٠

سەرباری ٥

پۆلینکردنی شارەکانی باشووری کوردستان-١٩٦٥*

دەستە	ژمارەی شار	دانیشتوان	
		هەزار	%
١٠٠ و زیاتر	٢	٤٣٩	٥،٤٥
٥٠-١٠٠	٢	١٧٥	٢،١٨
٣٠-٥٠	١	٣٧	٨،٣
٢٠-٣٠	١	٢٣	٤،٢
١٠-٢٠	٨	١٠٢	٦،١٠
٥-١٠	١٣	٨٩	٢،٩
٢-٥	٢٠	٦٠	٢،٦
لە ٢ کەمتر	٥٥	٣٩	١،٤
تێکرا	١٠٣	٩٦٤	١٠٠

* الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، جهاز المركزى للاحصاء، نتـائج التعـداد العـام للسكان لسنة ١٩٦٥، مطبعة الجهاز المركزى للاحصاء- بغداد ١٩٧٧، ص٣-١٤.

سەرباری ٦

ڕیزکردنی شارەکانی باشووری کوردستان بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوان- ١٩٧٧*

موسڵ	٤٢٩٨٨٣
کەرکوک	٣٠٧٤٦٣
هەولێر	١٩٣٥٥٨
سلێمانی	١٧٥٤١٣
تەلەعفەر	٥٧٤٨٣
دهۆک	٤٠١٩١
زاخۆ	٣٠٢٩٩
خانەقین	٢٩١٢٧
هەڵەبجە	٢٢٤١١
توزخورماتوو	٢١٥٥٨
مقدادیە	٢١٣٤٥
جەلەولا	١٩٢٦٨
مەندەلی	١٥٤٧٤
کۆیە	١٥٣١٩
قەڵادزێ	١٣٦٨٥
چەمچەماڵ	١٣٤٢٣

---

* الجمهورية العراقية، وزارة التخطط، جهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧،لمحافظة اربيل، دهوك، ديالى، السليمانية، صلاح الدين، كركوك، نينوى، واسط، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء- بغداد ١٩٧٨.

کفری	١٠٧١٥
شەقلاوە	٩٨٢٦
دەربەندیخان	٩٤٦٠
قەرەقوش	٩٣٨٧
کەلار	٩٢٧٤
باشیقە	٨٨٤٣
سەرچنار	٨٧٣٧
دوویز	٨٦٤٣
رانیە	٨٥٩٤
رواندز	٨٥٨٣
پێنجوێن	٨٥٥٤
ئاکرێ	٨١٢٢
رانیە	٧٩٣٢
سەیدسادق	٧٨٩٥
سیمێل	٧٧٨١
سەرسەنگ	٧٧٦٠
حەویجە	٧٥٩٥
سەعدیە	٧٣٩٦
دیانا	٧٠٨٤
ئامێدی	٦٩٤٦
تازە خورماتوو	٦٨٨٣

تلكێف	٦٧١٩
گەڵاڵە	٦٦٦٠
شەنگار	٦٣٣٨
بەلەدروز	٦٣٣٠
بيارە	٦٢٠٦
عەنكاوە	٥٧٥٥
مەخمور	٥٣٠٧
عەينسفنی	٥٢٧٢
چۆمان	٥٠٢٢
باتوڤە	٤٩٢٠
پردێ	٤٨٤٠
مێرگەسور	٤٥٥٥
سەڵاحەدين	٤٤٥١
سنونی	٤٢٠٣
دوكان	٣٩٤٠
بەرتللە	٣٩٤٠
قەرەتەپە	٣٩١٢
هەرير	٣٧٥٥
خەليفان	٣٧٠٠
داقوق	٣٦٢١
بەدرە	٣٥٥٩

ئەلقوش	٣٥٢٥
عەربەت	٣٣٩٦
شەرانش	٣٣٢٠
سەنگەسەر	٣٢٤٧
هەنجیرۆك	٣١٩٢
ئامرلی	٣١٦٣
شەك	٢٩٣٧
سلێمان بەگ	٢٨٨٥
قەزانیە	٢٨٠٨
ماوەت	٢٧٦٠
ئاڤەگەنی	٢٧٤٧
زومار	٢٦٢١
دیبەگە	٢٥٧٨
مەنسوریە	٢٤٢٩
لەیلان	٢٣٩٣
ریاز	٢٣٠٥
گۆپتەپە	٢٢٨٨
خورماڵ	٢٢٣٦
جەسان	٢٢٣٤
حومیدات	٢٢٢٣
چوارتا	٢٢١٦

گوێڕ	٢٠٠٨
یایەجی	١٩٤٥
هێرۆ	١٨١٥
شیروان مەزن	١٦٣٥
رەبیعە	١٦١١
زاوێتە	١٦٠٣
بەردەرەش	١٥٥٢
وانە	١٥١٧
تەقتەق	١٤٧٧
بەرزنجە	١٤٧٠
بێبۆ	١٤٥٧
خەلەکان	١٤٤٩
دینارتە	١٤٣٣
مانگێش	١٤١٩
کەڵەك	١٤١٤
بنگرد	١٣٩٩
باوەنور	١٣٧٩
قەرەداغ	١٣٦٣
قادرکەرەم	١٣٥٣
زورباتیە	١٢٥٥
تاغجەلەر	١٢٣٩

باسنێ	١٢٣٠
هیران	١٢٢٠
جەبارە	١١٧٧
قوشتەپە	١١١٧
جبور	١٠٢٥
گردەسێن	٩٥٧
سیدەکان	٩٤٩
کێلە سپی	٨٤٣
بجێل	٨٣٥
مرێبا	٧٧٨
خزر	٧٥٥
رێدار	٧٢٤
ئاسهێ	٦٨٤
برایم خەلیل	٦٦٧
بێتواتە	٥٨٠
نەوجول	٥٤٣
سەر قەڵا	٥٤٠
ئەتروش	٤٤٠
سەردەشت	٤٠٣
گەرمك	٣٨٣
تەیناڵ	٣٨٢

کانی ماسی	٣٥٧
دێگەڵە	٣١٣
مەیدان	٢٣٥
قورەتوو	١٤٣
تیلکۆ	-
حاجی ئۆمەران	-
کۆکس	-
باقرتە	-

سەربارى ٧

ريزكردنى شارەكانى باشوورى كوردستان بەگوێرەى ژمارەى دانيشتوان -١٩٨٧*

موسڵ	٦٦٤٢٢١
هەولێر	٤٤٥٩٣٧
كەركوك	٣٩٩١٨٩
سلێمانى	٣٦٤٠٩٦
دهۆك	١١٤٣٢٢
تەلەعفەر	٩٠٨٨٥
كەلار	٦٣١٠٢
زاخۆ	٦٠٦٥٥
چەمچەماڵ	٥٠٣٠٠
رانيە	٤٩٩٨٦
توزخورماتوو	٤١٢٤١
كۆيە	٣٩٤٨٤
سنونى	٣٩٤٥٧
مقداديە	٣٧٤٤٤
هەڵەبجە	٣٧٠٤٩

* الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، جهاز المركزى للاحصاء، مديرية الحصاء السكانى، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، لمحافظة اربيل، دهوك، ديالى، السليمانية، صلاح الدين، كركوك، نينوى، واسط، مطبعة الجهاز المركزى للاحصاء- بغداد ١٩٨٨.

٣٦٧٢٣	تەلکێف
٢٨٩١٨	بەلەدروز
٢٦٦٦٦	جەلەولا
٢٦١٩٣	تازەخورماتوو
٢٢٠٢٦	کفری
١٩٣٤٠	عەنکاوە
١٨٩٩٨	قەرەقوش
١٨٠٥٧	خانەقین
١٧٩٤٨	قیرەوان
١٧٥٦٥	شەقلاوە
١٦٨٢٤	ئاکرێ
١٦٦٣٣	هەریر
١٥٦٠٤	سیمێل
١٥٣٥٠	دەربەندیخان
١٤٨٩٥	باشیقە
١٤٤٨٧	قەلادزێ
١٣٤٦٢	حەویجە
١٢٧٨٥	مەخمور
١٢٣٢٦	دیانا
١١٩٠٣	کێلەسپی
١٠١٣٣	دوویز

بەرتللە	٩٥٧٤
زەرایەن	٩٣٥٧
سەعدیە	٩٣٣٣
عەینسفنی	٩٣٢٧
رواندز	٨٦١٦
شەنگار	٨٣٣١
دوكان	٨٢٠٧
سەرچنار	٧٥١٣
پردێ	٧٢٨٣
سەلاحەدین	٧١٢٩
تازەخورماتوو	٦٥٦٠
قەرەتەپە	٦١٣٠
خەلیفان	٦٠٥٠
سۆران	٥٦٦٧
باتوڤە	٥٥٦٤
ئامرلی	٥٤١٨
مەنسوریە	٥٣٧٧
داقوق	٥٢٥٢
عەربەت	٥٢٢٥
زاب	٤٩٢٦
ئامێدی	٤٨٧٢

سلێمان بەگ	٤٨٢٦
ئەلقوش	٤٧٩٥
بەردەرەش	٤٥٧٣
سەنگەسەر	٤٤٤٧
ئاڤەگەنی	٤٤٠٢
خەلەکان	٤٠٧٤
بیبۆ	٤٠٤١
سەرسەنگ	٤٠١٣
حومیدات	٣٩٨٨
ریاز	٣٩٣٧
شەرانش	٣٥٥٨
گوێژ	٣١١٧
باوەنور	٣٠٢٦
زومار	٢٩٥٤
جەسان	٢٩٢٢
رەبیعە	٢٨٠٠
جبور	٢٥٤٩
تەینالّ	٢٦٢٨
مانگێش	٢٢٦٤
بەرزنجە	٢١٥٢
فەیدێ	٢٠٣٨

چوارتا	١٥٠٨
باقرته	١٤٦٩
قەزانیه	١٤٤٠
خزر	١١١٧
ئاسهێ	١٠٥٠
زاوێته	٧٢٩
بەدره	٤١٠
خەلەکان	٢٠٣
مەندەلی	١٣
پێنجوین	-
بێتواته	-
کارێزه	-
مێرگەسور	-
کانی ماسی	-
چۆمان	-